

# خەڵاتەكانی شایستەی خزمەتی دبلۆماتی و نێچیرڤان بارزانی وەک سەرکردەیەکی

زۆر گرنگە كە سەركردەیەك خەڵات دەكرێت خوێنەر بزانێت ئەو خەڵاتە چ بەهاو مانایەكی هەیە،یان بزانێت بۆچی فلان سەركردە لەسەر ئاستی دەوڵەت و زانكۆ و ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكانەوە خەڵات دەكرێت، بێگومان نێچیرڤان بارزانی كاتێك بۆ سەرۆكایەتی كابینەی چوارەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان تەكلیف كرا، هێشتا تەمەنی لە ناوەڕاستی سییەكاندا بوو، بەڵام لەماوەیەكی زۆر كورتدا سەلماندی ئەو توانا و لێهاتووییەی هەیە كە وەك پیاوێكی دەوڵەتمەدار، حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بنەمای كاری دامەزراوەیی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ڕێكخستنەوەی ژێرخانی ڕوخاوی كوردستان و بونیادنانی بنەماكانی ژێرخانێكی ئابووری بۆ خۆشگوزەرانی گەلەكەی سەركەتوو بێت و هەروەها توانی گەشەسەندنێكی بەرچاو لە بنەماكانی دیموكراتی و گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و پاراستنی ئازادییەكان لە وڵاتێكی كاولكراوی دوای چەندین شەڕ و كاولكاری بونیاد بنێتەوە، ئەمە بۆ سەركردەیەكی لاو كە وڵاتەكەی هەم وڵاتی دوای شەڕ و كاولكاری بێت و هەمیش لە ناوچەیەكدا بێت كە نامۆ بێت بە بنەماكانی دیموكراتی و ئابووری بازار، كارێك بوو سەرنجی جیهانی ڕاكێشا و بە



## سەرکردە لاوەکانی جیهان و دکتۆرای فەخری

# ئاشتیخواز و دروستکەری ئاشتی دەناسێنێت

تەقدیرەوە لەلایەن رێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهانەوە نێچیرڤان بارزانی پاڵێورا بۆ ئەوەی خەڵاتی سەرکردە لاوەکانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٧ پێبدرێت، بۆ ئەو رۆڵ و ئەرکەی لە خزمەتی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی لەو ناوچەیەدا گێراویەتی، جێگەی وە بیر هێنانەوەیە یەکێك لەو کەسانەی کە ئەو هەڵسەنگاندنەیان بۆ سەرکردە لاوەکانی ساڵی ٢٠٠٧ کردووە، شاژن نورای خانمی شاحوسێنی کۆچکردبوو، کە لەهەمانکاتدا شا عەبدوڵڵا و شازادە هەمزە دوو کوڕی خۆی بوون و ( دوو سەرکردەی لاوبوون) و شانشینی ئەردەنیان بەرێوەدەبرد، بەڵام شاژن نورا یەکێك بوو لەوانەی بەرێز نێچیرڤانی بۆ ئەو خەڵاتە دەست نیشانکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٨ زانکۆی واشنتۆن-جیفرسۆن لە ئەمریکا، بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەخشینی خەڵاتی دکتۆرای فەخری کاندید کرد، ئەم خەڵاتە کە یەکەمین جاربوو کەسێکی غەیرە ئەمریکی وەری بگرێت، هەڵسەنگاندنی زانکۆی ناوبراو بوو بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدیهێنابوو، هەروەها بۆ شێوازی حکومڕانی بەرێز نێچیرڤان بارزانی



کـــە توانیویەتی لەهەرێمی کوردســـتاندا بە ئاستێك بنەماکانی دیموکراتی بچەسپێنێت و بەرەو پێشەوەیان ببات، کە کاریگەری لەسەر بەرەو پێشەوەچوونی پرۆســـەی دیموکراتی لەسەرانســـەری عێراقداهەیە، سەبارەت بەم خەڵاتە لـــە ٨ی ئایـــاری ٢٠٠٨ لە خاتوو تۆری هارینگ ســـمیس سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆنمان پرسی بۆچی سەرۆك وەزیرانـــی ئێمەتان بۆ ئەم خەڵاتە پاڵاوتووە؟ لە وەڵامدا خاتوو هارینگ سمیس بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:

## نێچیرڤان بارزانی بێجگە لەوەی وەك سەرکردەیەکی ئاشتیخواز لە جیهاندا ناسراوە. لەهەمانکاتدا رۆڵێکی دیار و بەرچاویشی لەدروستکردنی ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان وعێراق و ناوچەکەدا هەیە

*بەخشینی دکتۆرای فەخریی، بەخشینی بروانامەیەکی ئەکادیمی نییە بەڵکو رێزگرتن و ددانپێدانانە بەهەوڵی سەرکردە سیاسیەکان، رۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، سەرکردەکانی بزنس و پارێزەرانی لێهاتوو.

*ئێمە وەك زانکۆی واشنتۆن –جیفرسۆن رێز لـــە نێچیرڤان بارزانـــی دەگرین بۆ ئەو هەوڵانەی بەرێزی، کە توانیویەتی بەرێگەی وتووێـــژ داواکارییەکان جێبەجـــێ بکات و گەشە بەپرۆسەی دیموکراتی لە ناوچەیەکدا بدات، کە تا ئێستاش پێکهاتەکەی خێڵەکییە. هەروەها توانیویەتی هاوپەیمانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی بپارێزێت، کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ئاستی ئاشتی و شەفافیەت بۆ کوردستان و عێراقیش هەبێت.

* ســـەرۆك وەزیران نێچیرڤـــان بارزانی یەکێکە لەدۆســـتە نزیکەکانی ئەمریکا، هەر بۆیە زانکۆی واشـــنتۆن جیفرســـۆن داوەتی کردووە بـــۆ ئەوەی رێـــزی لێبگرێت و دان بەهەوڵەکانیـــدا بنێت بـــەوەی توانیوویەتی بەرێگەی دیموکراتیانە جیاوازی لەو ناوچەیە دروست بکات.

ئەم هەڵســـەنگاندنە کـــە وردەکارییەکی زۆری تێداکـــراوە تـــا بزانن ئایـــا نێچیرڤان بارزانی شایســـتەی ئـــەو خەڵاتەیە یان نە ؟ ئەگەر ســـەرنج بدەین ئەو ســـەرکەوتنەی نێچیرڤـــان بارزانـــی لەهـــەردوو کابینەی چـــوارەم و پێنجەم بەدیهێنـــا، جیا لەوەی بنەمـــای ژێرخانی کوردســـتانی لەهەموو روویەکەوە بونیادنایەوە، لەهەمانکاتدا توانی ژیانی حکومڕانی لە کوردســـتان بگۆڕێت بۆ شـــێوازێکی دامەزراوەیی دیموکراتیانە و دەســـتاو دەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

بێگومان ئێستا کە لەلایەن سەرۆك کۆماری کۆریای باشـــوورەوە خەڵاتی شایســـتەیی خزمەتـــی دبلۆماتی (غوانغـــۆان) دەدرێتە نێچیرڤان بارزانی، گرنگە پێگەی کۆریای باشـــوور لە ئاستی پرۆســـەی بونیادنەوەی نەتەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی دوای شەڕ وەك نموونەیەکی سەرکەتوو سەرسوڕهێنەر لە جیهاندا بزانین و دەبێت ئەوە بزانین کە کۆریا لـــە کۆتایی پەنجاکانی ســـەدەی ڕابردوودا یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی جیهانی ســـێیەم کە لەئاستی دەوڵەتانی ئەفریقیا پۆلێن کراوە، بەڵام لەماوەی کەمتر لە ١٥ ســـاڵ کۆریای باشـــوور ســـەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست هێنا کە شایســـتەی ئەوەبێت پێشـــوازی لە یارییەکانی ئۆلمپیات بکات لە ساڵی ١٩٨٨ و لە ساڵی ٢٠٠٢ بە هاوبەشی لەگەڵ ژاپۆن پێشـــوازی لە یارییەکانـــی کۆتایی جامی جیهانی بکات، ئاماژە کردن بەم دوو رووداوە وەرزشـــییە، ئاماژەکردن نییە بەپێشکەوتنی کۆریای باشـــوور لە بواری وەرزشیدا، بەڵکو ئاماژەکردنە بەو وەرچەرخانەی کە کۆریای باشووری لەجیهانی سێیەمەوە گواستەوە بۆ جیهانی یەکەم، ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییەی لەم دیوو ئەودیو پەرژینە ســـیمەکەی هێڵی پانی ٣٨ ەوە دەیبینین، ئەم دیوی سیمەکە کە کۆریای باشوورە بەشێکە لە جیهانی یەکەم و ئەودیوی سیمەکە کە کۆریای باکوورە هێشتا لەجیهانی سێیەمیشدا لەریزی دواوەیە، هێشتا لـــە کۆریای باکوور شەو تاریکســـتانە و کۆریای باشـــوور چراخانـــە، ئەم هەڵسەنگاندنە ئەگەر بـــۆ کوریای باشـــوور بـــە ئاستی



یەکەم یان دووەم بێت بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا، ئەوا بۆ دەوڵەتانی هاوشێوەی کۆریا وەك سەنگافورا و تایوان و ژاپۆنیش ڕاستە، لەبەر ئـەوەی پڵنگەکانی ئاسـیا توانییان لەبواری بونیادنەوەی وڵاتانی دوای شـەڕ هەمـوو جیهان دوچـاری سەرسـوڕمان بکەن، بۆیە لەم ڕاسـتەوە هەڵسـەنگاندنی نێچیرڤان بارزانی لەلایەن کۆماری کۆریای باشـوورەوە نەك هیچی کەمتر نییە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆریای باشـوور خۆیان وەك نموونەیەکـی بـەرزی دبلۆماتـی و پیادەکردنی سیاسەتی پراگماتیکی لە جیهاندا سـەیر دەکرێن، دەزانن لەسـەر چ بنەمایەك کەسایەتیەکی وەك نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو خەڵاتە هەڵدەبژێرن، لەوانەیە کۆماری کۆریای باشـوور ئەزموونی چەند ساڵێکیان لەگەڵ دبلۆماتیەتی نێچیرڤـان بارزانی هەبێت بە تایبەتی دوای ئەوەی لە چوارچێوەی هاتنی هێـزە نێودەوڵەتیەکان بۆ عێـراق، هێزەکانی کۆریـا هاتنە هەرێمی کوردسـتان، بینییان چۆن دبلۆماتیەتی بەڕێزیان توانی ئەم هێزە لە هێزێکـەوە کە ئەرکی سـەربازی هەبوو بگۆڕێـت بـۆ هێزێـك کە بەشـدار بـن لە بو نیا د نا نـە و ە ی کوردسـتان و پاشان بۆ دۆستایەتی نێوان هەردوو





گەلی کۆریای باشـوور و گەلی کوردستان و دواتریش هاتنی کۆمپانیا و بزنسمانەکانی کۆریا بۆ ئەوەی هاوبەش بن لە بونیادنانەوەی کوردستان و کردنەوەی کونسوڵخانەی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەمە دەسپێکی سـەرنجدانی دەوڵەتی کۆریا بێت لە شـێوازی دبلۆماتیەتی نێچیرڤان بارزانی بـۆ چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردسـتان و ڕاکێشانی سـەرنجی کۆمپانیا بیانیەکان بۆ ئەوەی بێنە کوردسـتان، ئەوا لەمیانەی بوونیان لەکوردستان و بایەخدانیان بە پرۆسەی سیاسـیی عێـراق و ناوچەکـە، لەنزیکەوە بینیویانـە کە بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانی لەسەر ئاسـتی بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە چەند لێهاتووانـە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کێشـانە کـردووە و چۆن توانیویەتی ئـەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا و هەرێمی کوردسـتان و ئێـران و هەرێمی کوردسـتان و دەوڵەتانـی عەرەبی بگۆڕێت بۆ دۆسـتایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش و بە ئاستێك گۆڕانکاری دروستکردووە کە هەموو دەوڵەتانـی جیهان بخوازن کونسـوڵخانەی خۆیان لەهەولێر بکەنەوە و پێوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت، هەروەها لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا و تەنگژەکانی نێوان بەغدا و هەرێم لەسـەر کۆنتراکتەکانی نـەوت لەهەرێمی کوردسـتاندا، بینییان چـۆن دبلۆماتیەتی نێچیرڤان بارزانی نەك هەر نەیهێشت ئەو ئەو ئاڵۆزیانەی نێوان بەغداو هەرێم ببنە تەنگژە لەنێوان هەردوولادا، بەڵکو وەك ئێستا دەبینن ناردنـە دەرەوەی نـەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆتە خێر وبێرێکی دیکە بۆ هەموو

عێراق نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاگادارن چۆن نێچیرڤـان بارزانی لە کاتی دەستپێشخەریەکەی سەرۆکی کوردستان، بووە هەڵسوڕاوێکی دبلۆماتی کارا لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دەوروبەر و فاکتەرێکی ئیجابی بۆ سەرکەوتنی ئەو دەستپێشخەرییە کە عێراقی لە قەیـران و تەنگژەیەکی زۆر ترسـناك ڕزگار کرد، بێگومان سەرنجدانی جیهانی دیموکراتی لە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانـی وەك سـەرکردەیەکی دیموکراتی، نیشـانەی دانپێدانانە بـەوەی کە نێچیرڤان بارزانی بێجگە لەوەی وەك سـەرکردەیەکی

**نێچیرڤان بارزانی توانی گەشەسەندنێکی بەرچاو لە بنەماکانی دیموکراتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئازادییەکان لە وڵاتێکی کاولکراوی دوای چەندین شەڕ و کاولکاری بونیاد بنێتەوە**

ئاشتیخواز لە جیهاندا ناسراوە، لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویشی لەدروستکردنی ئاشتی و سـەقامگیری هەرێمی کوردستان وعێراق و ناوچەکەدا هەیە و کە سـەرەنجام وەك بەشێك لە خزمەتی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت.



# پێکەوەژیان لە کوردستان

# بەرهەمی لۆژیکی لێبوردەیی و تێگەیشتنە لەمانای لێبوردەیی



لێبوردەیی مانای سازش و نەهێشتنی جیاوازییەکان نییە، بەڵکو مانای پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانە، مانای ڕێز و تەقدیرە بۆ هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری و شێوازی دەربڕین و ئەو شێوە ژیانەی خەڵك بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت، کەواتە مانای لێبوردەیی بۆ ئەو وڵاتانەی لە ئایین و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، واتە داننانە بە مافەکانی مرۆڤ و بە ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانە و ڕێزگرتنە لە داب و نەریت و پیڕەوکردنی نەریتە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینەکانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە جیاوازی دەستکرد نین، بەڵکو سرووشت و خواوەند ئەو جیاوازیانەی خوڵقاندووە و ڕێزگرتن لەو جیاوازیانە ڕێزگرتنە لە داب و نەریت و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە و بەها بەرزەکانی مرۆڤ، مێژووی نەتەوەکانی جیهان ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ناتوانن لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین ئەگەر پێکهاتە جیاوازەکان نەتوانن جیاوازییەکانی یەکتری قبوڵ بکەن، ئەمەش پێمان دەڵێت تەنیا لێبورەدەیی توانای ئەوەی هەیە گەرەنتی مانەوەی کۆمەڵگە تێکەڵاوەکان بکات، ئەوجا ئەو کۆمەڵگەیە لە هەرکوێیەکی جیهاندا بێت.

### پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی تێگەیشتنە لە مانای لێبوردەیی

کاتێك لە فەرهەنگی ڕێنیسانسی ئەورووپای ڕۆژئاوادا بۆ مانای لێبوردەیی و پێکەوە ژیان دەگەڕێین، هەست دەکەین دوای مێژوویەکی خوێناوی و قوربانیدانێکی زۆر و بێتاقەت بوون و کۆڵدان لە توندوتیژی مانای لێبوردەیی بەرجەستە دەکات، جۆن لۆك فەیلەسوفی بەناوبانگی سەردەمی ئینگلیزی لە (کتێبی نامەیەك لە لێبوردەیی ) کاتێك دەیەوێت ئەم نامەیە پێشکەشی خوێنەرانی بکات، بە پرسیارێکی سەرسوڕمان ئاسا ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە و دەڵێت: (کاتێك دەتەوێت پرسیار سەبارەت بە بۆچوونی تایبەتی من بکەیت سەبارەت بە لێبوردەیی، دڵنیام هەست بەسەرسوڕمان دەکەیت، لەبەر ئەوەی من بەبێ هیچ تەحەفوزێك دەڵێم ئایینی کریستیان وەك نیشانەیەکی بەرزی لێبوردەیی دەبینم)، مەبەستی لۆك لەوەی خەڵکی بەم وەڵامەی سەرسام دەبن ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك لۆك داوای جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایینی دەکرد پێیانوابوو، لۆك مەبەستێتی لە بەها بەرزەکانی ئایین کەمبکاتەوە یان مەبەست ئەوەبێت، یان مەبەستی ئەوەبێت کومەڵگە ئایینی نەبێت، بەڵام وەك لە دێڕەکانی دواتری پێشەکییەیدا دەردەکەوێت، دەبینین مەبەستی جۆن لۆك تەواو تەواو پێچەوانەی

**کاتێك دەمانەوێت لەمانای بەهای بەرزی لێبوردەیی تێبگەین، دوای ئەوەی هەموو فەرهەنگی جیهان دەگەڕێین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێبازی ڕێبەرانمان لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانەوە تا دەگاتە مستەفا بارزانی و ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی کە درێژەپێدەری هەمان ڕێباز**

ئەو بۆچوونەیە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە خەڵك لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە بیروبۆچوونەکانی ئەوت زانی دووچاری سەرسوڕمان دەبیت، لەبەر ئەوەی جۆن لۆك دەیەوێت ئایین رزگار بکات و جیاوازییە مەزهەبییەکانی نێوان یەك ئایین و ئایینە جیاوازەکانیش نەبنە ململانێی و کێشمە کێشی سیاسیی، هەربۆیە لە پێناسەکەی لۆك بۆ ئایین دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەبەستی لۆك بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بۆ بەرز ڕاگرتنی ئایینە و دوورخستنەوەیەتی لە گەندەڵی دەوڵەت، وەك ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەسەڵاتی کەنیسە ئایینی کریستیانی ناشرین کردبوو، هەربۆیە بەمشێوەیە باسی ئایین دەکات و دەڵێت: (هەندێك لە پێڕەوانی ئایینی کریستیان خۆیان بە شوێن و نازناوەکانیان دەردەخەن، هەندێك بە گەورەیی تقووسەکانیان، هەندێکی دیکە بە چاکی ئیمانەکەی، لەهەمانکاتدا هەمووشیان لەو بڕوایەدان کە باوەڕیان هەقە و باوەڕی ئەوان لەهی ئەوانی دیکە باشترە، هەموو ئەمانە نیشانەی ئارەزووەکانی مرۆڤە کە حەزدەکەن هەریەکەیان بەسەر ئەوی دیکەدا باڵادەست بێت. نەك خۆشەویستی کریستیان بۆ خوا. ئایینی ڕاستی بۆ ئەوە نییە کە تقووسەکان پیادەبکرێت یان لە پێناوی ئەوە بێت کەنیسە دەسەڵات وەربگرێت، یان زوڵم پیادە بکات، بەڵکو لەپێناوی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ لەسەر بنەمای فەزیلە و خواپەرستی، بۆیە هەر مرۆڤێك دروشمی مەسیح بەرز بکاتەوە پێویستە لەسەری پێش هەموو شت شەڕێك لەدژی ئارەزووەکانی و خراپەکانی خۆی بەرپا بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەسیحیبوونی تۆ بێهودەیە بەبێ ئەوەی ژیانت پیرۆز بێت و ڕەفتارت پاك نەبێت...من پرسیار لە ویژدانی ئەو کەسانە دەکەم کە بە بیانووی پارێزگاری کردن لە ئایینەوە خەڵك دەچەوسێننەوە و خەڵك ئازار دەدەن و کاولدەکەن و دەکوژن، ئایا هەموو ئەو کارەی دەیکەن لە دڵێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە پڕە لە دۆستایەتی و ڕاستگۆیی؟))، کەواتە تێگەیشتن لە لێبوردەیی دەرخستنی بەهای پیرۆزی ئایینە پیرۆزەکانە، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر بنەمای لێبوردەیی و بەخشندەیی خوا بۆ بەندەکانی خۆی ناردۆتەوە خوارەوە، بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت، مرۆڤایەتی درەنگ و دوای شەڕ و کاولکارییەکی زۆر و پاکتاوی یەکتری لە مانای بەرزی لێبوردەیی تێگەیشتن، گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە پێویست بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێك ئێمەش باسی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کوردستان بەهەموو پارچەکانییەوە دەکەین، لەوانەیە تۆژەرێك، یان سیاستمەدار یان دیپلۆماتێکی دەرەوەی کوردستان کە لێمان ببیستێت، لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەمی تێگەیشتنی ڕێبەرانی دامەزرێنەری بزاوتی کوردایەتی و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانە، تووشی سەرسوڕمان بن لەبەر ئەوەی ئەمە لە جیهاندا بێ وێنەیە، هەروەها کاتێك بەم تێگەیشتنە قووڵە لەهزری ڕێبەرانی دامەزرێنەری کوردایەتی ڕۆدەچین، هەست دەکەین تێگەیشتن لەمانای لێبوردەیی تەنیا، پیادەکردنی لێبوردنی ئایینی نییە



لەنێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا، بەڵکو ئیعترافکردنی ئارەزوومەندایە لەلایەن ڕێبەرانی کوردایەتیەوە بە هەموو جیاوازییەکانی بەرامبەر بە ئایین و زمان و نەتەوەو نەریت و هەموو پیرۆزییەکانیانەوە، ئەوجا ئەم تێگەیشتنەش تەنیا لە سنووری کوردستاندا نەبووە، بەڵکو ڕێبەرانی کوردایەتی هەوڵیاندا هەر لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ ئەو نەتەوانەش بکەن کە ڕژێمەکانیان دروشمی لەناوبردن و پاکتاوی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانی بەرز کردۆتەوە، ئەمە بۆ ئێمە وەك کورد و کوردستانی لەوانەیە زۆر جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، بەڵام دیسان بۆ بیانییەك یان هاووڵاتیەکی غەیرە کوردستانی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کاتێك دەڵێن (لەشەڕی جیهانی دووهەمدا لەو کاتەی هەموو جیهان وەك گەل و نەتەوە لەشەڕدا بوون دژی یەکتری، مستەفا بارزانی لەساڵی **١٩٤٣** نامەیەکی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشا نووسی کە پاشتر بووە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی، بەوەی شەڕی شۆڕشەکانی کوردستان دژی نەتەوەی عەرەب نییە و شۆڕشی کوردستان بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمەیە کە کورد و کوردستانی و عەرەبەکانیش پێکەوە دەچەوسێنێتەوە) ئەمە مانای ئەوەیە کاتێك دەمانەوێت لەمانای بەهای بەرزی لێبوردەیی تێبگەین، دوای ئەوەی هەموو فەرهەنگی جیهان دەگەڕێین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێبازی ڕێبەرانمان لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانەوە تا دەگاتە مستەفا بارزانی و ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی کە درێژەپێدەری هەمان ڕێباز و پرانسیپە کە مانای لێبوردەیی کردە یەکێك لە خەسڵەتەکانی شۆڕشەکانی کوردستان و ئێستا بۆتە هەوێنی حکومڕانی لەکوردستاندا، ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە ڕاوبۆچوونی چەند پرۆفیسۆرێکی فەلسەفە و مێژووی ئایینەکانمان وەرگرتووە، بەڵام هاوکاتیش ڕاوبۆچوونی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانمان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی سەرپشك بێت و بزانێت نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان چۆن باسی لێبوردەیی دەکەن و پرۆفیسۆرەکانی فەلسەفە و مێژووی ئایینە جیاوازەکانیش چۆن باسی دەکەن.

مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان بۆ (گوڵان):

# هەموومان ناسنامەی کوردستانیمان هەیەو پێکەوە کار بۆ پاراستنی ئەزموون و ئاشتی و پێکەوەژیان دەکەین

رۆڵی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لە پاراستنی ئەو ژینگە ئارامەی کە بۆتە بنەمایەك بۆ پێکەوەژیان و تەساموح، دیار و لەبەرچاوە. سەبارەت بە رۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە دابینکردنی ئەو ژینگەیە، مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان وتی:((ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخێکی زۆر بەو پێکەوەژیانە دەدات، خۆشبەختانە گەلی کورد بەهەموو شێوەیەك هەوڵی داوە پارێزگاری لەهەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە، بێ جیاوازی بکات. لە ساڵی ١٩٩١ـەوە تاکو ئەمڕۆ هەست بە پێکەوە ژیانێکی باش بەبێ جیاوازی لەنێوان ئایینزاکان هەیەو بەرادەیەك هەست بەجیاوازی ناکرێت، ماف و رێز لەسەرجەم ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان کراوەو هیچ کێشەیەك لەنێوان ئایینزاکاندا نییە، هەر بۆیە هەموومان ناسنامەی کوردستانیمان هەیەو پێکەوە کار بۆ پاراستنی ئەزموون و ئاشتی و پێکەوەژیان دەکەین. کاتێك سەرنج لە ئایینە جیاجیاکان بدەی لە کوردستاندا، دەبینیت موسڵمانەکان رێز لەسەرجەم رێوڕەسمە ئایینییەکان دەگرن بێ جیاوازی، ئەمەش هەمووی بۆ پاراستنی پێکەوە ژیانە، تۆ سەیر بکە لە هەرشوێنێك کەمینەیەکی ئایینی لەم هەرێمەدا هەبێت، زیاتر ئەو کەمینەیە مافی دەپارێزرێت و رێز لە ئازادییەکانی دەگیرێت، بۆ نموونە لە شوێنێکدا کە موسڵمان زۆر بێت زیاتر رێز بۆ مەسیحییەکان دەگیرێت واتە زۆرینەی بوونی ئایینزایەك لە گووندو شارۆچکەو شارێکدا نەبۆتە هۆی پێشێلکردنی ئایینزاکانی تر کە کەمینەن، گەر بێتوو لەهەر شوێنێکدا کەسانێك لە ناتێگەیشتنیانەوە هەڵەیەك بکات،



ئەوا هەرزوو وەزارەتی ئەوقاف رێگری لەو حاڵەتە دەکات، ئەم ناتێگەیشتن و ناحاڵیبوونانە کە هەندێك جار روویداوە لە رێگەی گفتوگۆ و وتووێژەوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ دۆزراوەتەوە. بەشانازییەوە دەڵێم ئەو پێکەوەژیان و رێزگرتنەی لە کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لەکوردستاندا هەیە، لە زۆر وڵاتی دنیا بوونی نییە و بەدەست دەیان کێشەی ئیتنی و ئایینی و نەتەوەییەوە گیرۆدە بوونە، ئەو رێژە مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و سابیئەی مەندائی هەیە هیچ کێشەیان نییەو لە پرسەو بۆنەکانیاندا بەشداریین و لە خۆشی و ناخۆشییەکانیانیشدا بەشدارین، هەروەکو چۆن لە خەباتی کوردستانییەت پێکەوە خوێنی شەهیدەکانمان بۆتە فیدای نیشتمان و ئازادییەکان.

**لەساڵی داهاتوو کار بۆ ئەوە دەکەین کۆنگرەی پتەوکردنی پێکەوەژیان لە نێوان سەرجەم ئایینزاکان بکەین و زیاتر بایەخ بەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە بدەین کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە**

موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی پێکەوە خەباتیان کردووەو قوربانییان داوەو لە دەستکەوت و ئازادییەکانیشدا پێکەوە بەشدارین، لێرەدا نابێت رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باس نەکەین، چونکە جەنابی سەرۆکی کوردستان رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پتەوکردنی ئەو رۆحییەتەی کە بۆتە بنەمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان ئایینزاو نەتەوەکانی کوردستان، چونکە بەڕێزیان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە تەنیا سەرۆکی موسڵمانان نییەو سەرۆکی مەسیحی و ئایینەکانی تریشەو بەهەموو شێوەیەك خۆی کردۆتە خاوەنی چارەسەرکردنی هەر گرفت و کێشەیەك گەر بچووکیش بێت بۆ ئەوەی چارەسەری بکات.

پێمباشە لە ساڵی داهاتوو زیاتر گرنگی بەو گفتوگۆو پێوەندییانە بدەین کە لەنێوان یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی تر هەیە، لەساڵی داهاتوو کار بۆ ئەوە دەکەین کۆنگرەی پتەوکردنی پێکەوەژیان لە نێوان سەرجەم ئایینزاکان بکەین و زیاتر بایەخ بەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە بدەین کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، ئێمە وەکو زانایانی ئایینی ئیسلام دەستخۆشی و پێشوازی لەو هەڵوێستەی سەرۆکی کوردستان دەکەین کە لەکاتی کارەساتی کەنیسەی سەیدەت نەجات نواندی و دەرگای نەخۆشخانەکانی بۆ واڵاکردن و رێکخراوەکانی هاندا کە هاوکارییان بکەن، هەر ئەوکات پێشوازیمان لە قەشەکانیان کردوو پێمان راگەیاندن:(کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەو ئایینزاکانەو موسڵمانانیش ئاشتیخوازن و رێز لە هەموو ئایینزاکان دەنێن).

**مەتران بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقفەی ئەبارشیەی کلدانی لە هەولێر بۆ (گوڵان):**

# لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵوێستی بەرزی سەرۆک بارزانی و ڕەسەنایەتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە

هەر سەبارەت بە پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە ئایینە جیاوازەکان مەتران بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقفەی ئەبارشیەی کلدانی لە هەولێر بۆ ئەم راپۆرتە لە لێدوانێکی تایبەتیدا وتی: ((لەهەرێمی کوردستان پێکەوەژیان و لێبوردەیی مێژوویەکی کۆنی هەیەو بەرهەمی لۆژیکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، هەر بۆیە هەموو ئایینزاو نەتەوەکان ڕێز و تێکەڵاوییەکی رۆشنبیری و کولتووریی لەنێوانیاندا هەیە، لەم چەند ساڵەی رابردووشدا گەرچی بارودۆخەکە لەعێراق تێکچووەو مەسیحییەکان کرانە ئامانجی تیرۆریستان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بارودۆخەکە پێچەوانە بوو، لێرە ڕێز لە ئایینزاکان و نەتەوە جیاجیاکان دەگیرێت، هەربۆیە پێموایە قسەکردن لەسەر پێکەوەژیان و لێبوردەیی ئایینی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە و هەنگاوی زۆر گەورەی بڕیوە. قسەکردن لەسەر ئەم باسە زیاتر لەو وڵات و هەرێمانەیە کە کێشەو گرفتیان هەیە نەك لە هەرێمێکدا کە لەباوو باپیرانمانەوە بیستوومانە هەموو پێکەوە کار و خەبات و خوێندنیان کردووە، لەم بۆنەیەش دا داوامان لە مەسیحییەکانی عێراق کرد تاکو بێنە هەرێمی کوردستان و بەچاوی خۆیان ببینن چۆن هەموو ئایینزاو نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشن و ڕێز لەیەکتر دەگرن، هەربۆیە کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو دەستپێشخەرییە گەورەیەی کردو ئامادەباشی پیشاندا کوردستان ئامادەیە پێشوازی لە براکانمان بکات لە بەغداو ناوچەکانی دیکەی عێراق، بە جوانترین هەڵوێست و نموونە بۆ پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی لە هەرێمی کوردستن لە قەڵەمدرا، ئەمەش



لەبەر ئەوەبوو بەڕێز مسعود بارزانی بینی گرفت و کێشەیەکی گەورە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و شاری موسڵ ڕوبەڕووی مەسیحییەکان بۆتەوە و بوونەتە ئامانجی تیرۆریستان، هەر زوو لە دەستپێشخەرییەکی خێرادا ئامادەیی هەرێمی دەربڕی بۆ پێشوازیکردنیان و پاراستنی سەرو ماڵی مەسیحییەکان. ئەمەش بۆ ڕەسەنایەتی و بەرزی هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست بەرزی نەتەوەی کوردە، ئەو نەتەوەیەی کاتێك نەتەوەیەکی تر دەبینێت زوڵمی لێدەکرێت بێدەنگ نابێت. پاڵپشتی لە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین. ئێستاکەش کار بۆ زیاتر بەهێزبوونی دەستپێشخەرییەکەو پێشخستنی لیژنەو کار و بەرنامەکان دەکرێت).

سەبارەت بەمافی مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان سەرۆکی ئەساقفەی ئەبارشیەی کلدانی لە هەولێر وتی: گەشبینم بە بارودۆخی کوردستان بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییە باشەی کە بەسەر بیرو هزری دانیشتووانی ئیقلیمەکەدا هاتووەو بەرزی هەڵوێستیان بەرامبەر نەتەوەکانی تر و ئایینزاکان، کە جێی دڵخۆشییە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش پاڵپشتی ئەو ئاراستەیە دەکات، هەر کەسێکیش بێتە هەرێمی کوردستان ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت کە باشبوونی ڕەوشی بارودۆخی ژیان و بەرەوپێشچوونی ئابووری و پەرەپێدان لە هەرێمەکەدا بە تواناو دڵسۆزی هەموو تاکێکی کوردستانی بەدیهاتووەو دەزگا ئەمنییەکانیش دەستی باڵایان لەو دەستکەوتانە هەیەکە بۆ گەلی کوردستان بەدیهاتووە.

لەکۆتاییدا مەتران بەشار مەتی وتی: پێویستە هەمووان هەر یەکەو لە پێگەو شوێنی خۆیەوە کار بکات لەپێناو پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یاسا و پاراستنی سەروەرییەکان، تاوەکو بتوانین بەهەموو لایەك کوردستان بکەینە نموونەی بەرزی پێکەوەژیان و پێشکەوتن لە ناوچەکەدا)).

**لەهەرێمی کوردستان پێکەوەژیان و لێبوردەیی مێژوویەکی کۆنی هەیەو بەرهەمی لۆژیکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە**



کیلی جەیمس کلارک:

# پێویستە سووکایەتیکردن بە ئایین و نەتەوەکانی دیکە و بەکارهێنانی فاکتەرەکانی سۆسیۆ-کولتوور مایەی شەرمەزاری بێت نەک سەربەرزی

پرۆفیسۆر کیلی جەیمس کلارك ئوستادی فەلسەفەی ئایین و فەلسەفەی (چینی) یە لە زانکۆی کالڤین و تایبەتمەندە لەسەر ماناکانی ژیان و مانای ژیان لەناو ئایینەکاندا و پێکەوەژیان لە پێگەیەکی جوگرافیدا، بۆ قسەکردن لەسەر لێبوردەیی ئایینی و لێبوردەیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان، پرۆفیسۆر کلارك لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: ((زۆر زەحمەتە لێبوردەیی ئایینی لە لێبوردەیی ئیتنی جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم دوو لایەنە زۆر لەیەکتر نزیکن. واقیعێك هەیە، ئەگەر بێت و بۆ نموونە تۆ لەدایکبوونی «گراند راپد – میشیگان» بیت، ئەوکات یەکسەر بە کرستیانێکی ئەورووپی نەژاد لە قەڵەم دەدرێیت، لەهەمان کاتیشدا ئەگەر تۆ لەدایکبووی عێراق بیت، ئەوکات یەکسەر بە موسڵمان ناو دەنرێیت. پێویستە سووکایەتیکردن بە نەتەوەکانی تر و بەکارهێنانی فاکتەرەکانی سۆسیۆ-کولتوور مایەی شەرمەزاری بێت نەك سەربەرزی. هەربۆیە پێویستە ئایین رێپیشاندەر بێت بۆ ئاشتی، نەك رێپیشاندەر بۆ توندوتیژی. پێویستە ئایین ببێتە مایەی مانادان بە مرۆڤایەتیمان، بەشێوەیەك کە هەستە مرۆڤایەتییەکانمان لا بخوڵقێنێت وەکو خۆشەویستی و بایەخدان و ئاشتیخوازی. بەڵام لەبری ئەوە، دەبینین زۆرجار هەستەکانی رق و کینە و تورەیی و توندوتیژی دەخوڵقێنێت. هەروەها پێویستە ئایین یاریدەدەرمان بێت بۆ ئەو کەسانەشی لەگەڵمان نەیارن بە شێوەیەکی مرۆڤایەتی وەك دروستکراوێکی خودا سەیری یەکتری بکەن، هەر بۆیە لێرەوە بۆ ئەم باسە زاراوەی «لێبوردەیی» لە زمانی لاتینی-ەوە وەردەگرم بەواتای خۆڕاگری، ئەمەش مانای لێبوردەیی دەکاتە قبوولکردن و تەحەمولکردنی بیروبۆچوون و باوەڕ و پیادەکردنی ئایینی جیاوازی بەرامبەر، هەربۆیە دەبینین لێبوردەیی تەنیا بازنەی ئایین ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی دیکەش دەگرێتەوە کە مرۆڤەکان بە قوڵی گرنگی پێدەن، بۆیە زۆرجار ئەو مەسەلانەی مرۆڤ بە قوڵی بایەخی پێدەدات بیر و باوەڕی ئایینیش دەگرێتەوە، بەڵام نەك بەو شێوەیەی لێبوردەیی تایبەت بێت بە ئایین و بەس، بۆ نموونە، لەوانەیە حەزبکەم لە بۆنەیەکی فەرمیدا بۆینباخ ببەستم و لەوانەیە ئەم شتە لای بەرامبەر پەسەند نەبێت، لەوانەیە کەسی بەرامبەر پەسەندم نەکات لەبەرئەوەی ئەو حەز لە بەستنی بۆینباخ ناکات، بەڵام دەبێت باوەڕی ئایینیم پەسەند بکات ئەگەر ئایینەکەشم لە بەرامبەرم جیاواز بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی بە هەڵە تەفسیری ئەم بۆچوونەم بۆ لێبوردەیی نەکەن، دەڵێم زۆر زەحمەتە بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین، کە بەرامبەر وەك مرۆڤ و هاووڵاتی تەواو سەیر ناکەن، هەر کاتێکیش ئەو کەسە، بەرامبەری وەك مرۆڤێکی تەواو سەیر نەکات و لەسەر بنەمای ئەو پرانسیپە مامەڵەی لەگەڵ کرد، کە خۆی لە بەرامبەر زیاترە، ئەوا زۆر بەئاسانی بیر لە کوشتنی بەرامبەر دەکاتە. هەربۆیە تەنیا لەو حاڵەتەدا ژیان مانای دەبێت کە رێز لە بەرامبەر بگریت وەك مرۆڤ و مرۆڤێك، لەم حاڵەتەدا لێبوردەیی بەرهەم دێت و دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین و هەر کەس دەتوانێت لە چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕەی خۆی خوداپەرستی بکات و پیادەی نەریت و بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات. ئەوجا لێرەوە کەباسی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەکرێت وەك هەنگاوێك بۆ بونیادی لێبوردەیی، پێموایە مەرج نییە وەك مەرج کە پێویستە ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام لەباری پراکتیکیدا، کاتێك پیاوانی ئایینی دەگەنە دەسەڵات، دەسەڵاتەکان لەدژی ئەو کەسانە بەکاردێنن کە لەگەڵیاندا نەیارن. ئەمە فەرزی دەکات جۆرە جیاکردنەوەیەك لەنێوان ئایین و دەوڵەت هەبێت باشترە، بۆ ئەوەی ئەرکەکە بەتەواوەتی بکەوێتە سەر دەوڵەت بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاو برەخسێنێت هەتا خەڵك بتوانن بەجیاوازی ئایین و نەتەوەو بیروباوەڕیانەوە بە ئاشتی بژین، ئەمەش دیالۆگ لەهەموو هەلومەرجێکدا مەسەلەیەکی گرنك و پێداویستیەکە بۆ هەموو سەردەمێك)).



بابە شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل مەرجعی ئایینی گشتی ئێزدیان بۆ (گوڵان):

# لە بۆنەو جەژنەكانی ئێزدی پیاوانی ئایینی و مەلای مزگەوتەكان سەردانمان دەكەن و ئێمەش لە بۆنەكانی ئەواندا سەردانیان دەكەین

بابەشـێخ خرتـۆ حاجی ئیسـماعیل مەرجەعی گشـتی ئایینی ئێزدیان لـە لێدوانێكی تایبەتی بۆ ئـەم راپۆرتەی گـوڵان بەمجۆرە هاتـە ئاخاوتن و وتی:(كوردسـتان هەمـوو كاتێك شـوێنی پێكەوە ژیـان و لێبوردەیی بووە، بەڵام پێویسـتە حكومەتی هەرێمی كوردسـتان و دەسەڵاتی سیاسی كوردستان زیاتـر ئـاگاداری بارودۆخی ئاسایشـی هەرێم و داخوازییەكانی خەڵكی بـێ، هەموو ئەو داواكاری و پێداویسـتییانەی لەلایەن خەڵكەوە دەخرێنەڕوو یا باس دەكرێن، دەبێت بەسنگێكی فراوانەوە وەریبگیرێت و حسـابی بۆ بكەن. پێموایە لێـرەوە ئەركی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان قورس دەبێت، بەتایبەتی كە ئەمڕۆ لەسایەی سـەرۆكی هەرێمی كوردستان پێگـەی هەرێمی كوردسـتان بەهێز بووە، سـەرۆك بارزانـی بەجدی كار بۆ ئـەو تەبایی و لێبوردەییە دەكات كـە بـۆ بەهێزبوونـی هەرێمی كوردسـتان پێویسـتە، ئەمەش وایكردووە هەمـوو پێكهاتەكانی كوردسـتان بەتایبەتی لەناوچەی شێخان و سنجارو قەرەقۆش. بەبێ گرفـت و وەكو برا لەگەڵ یەكتردا بژین و لەخۆشی و ناخۆشی یەكتر بەشدار بن. ئەوەی جێگەی خۆشـحاڵییە لێبوردەیی لـەم ناوچەیە لە ئاستێكدایە كە لەجەژن و بۆنەكانی ئێمە وەك ئێزدی، مامۆستایانی ئایینی ئیسلام و مەلای مزگەوتەكان سەردانمان دەكەن، ئێمەش بەهەمان شێوەو لە بۆنەكانی ئەواندا بەشـداری دەكەین و لەناو شار و گەڕەكەكان هەسـت بەجیاوازی ناكەین و نازانین ئەوە مەسیحییە یا ئێزدییە یا موسـڵمانە. ئێزدییەكان كوردی ڕەسەنن و دوعاو كولتـوور و نەتەوەمان كوردییە و گومانمان لـە كوردایەتی خۆمان نییـە. بەدرێژایی مێژوو لە شۆڕشـەكان دژ بە دوژمنانی كوردستان لەسەنگەر بووین و خۆمان بە كورد زانیوە، لەعێراق بەپێچەوانەوە ژیان بۆ ئێمە زەحمەت و پڕ لەهەڕەشەو فەرامۆشكردن بووە، بەتایبەتی لەموسـڵ بارودۆخەكە زۆر ئاڵۆز و قورس بووە لەسـەرمان هەر لەبەرئـەوەی كوردین، بەو شـێوەیە غەدرمان لێدەكرێـت، هەر ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی ئێزدیـی ناوچەكانی دیكەش كۆچ بۆ كوردسـتان بكەن، زۆربەی خەڵكی ئێمە لەناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستان نیشتەجێن و بارودۆخی بژێـوی ژیان و خزمەتگوزارییان بـاش نییە. لێرەدا دووبارە دەڵێمەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی كوردستان زیاتـر بایەخ بـەم ناوچانە بـدات و خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەو ناوچانەو چاوەڕوانی ئیدارەی موسڵ نەكات، چونكە لـە واقیعدا زۆربەی ئەم ناوچانە لە ئیدارەی موسـڵ دابـڕاون و خزمەتگوزاری ناگاتە هاووڵاتییان.

**ئێزدییەكان كوردی ڕەسەنن و دوعاو كولتوور و نەتەوەمان كوردییە بەدرێژایی مێژوو لە شۆڕشەكان دژ بە دوژمنانی كوردستان لەسەنگەر بووین**

مەرجەعی ئایینی گشـتی ئێزدیان سەبارەت بە پێكەوەژیانی ئێزدییەكان لەگەڵ ئایینزاكانی تر وتی: هەموو پێكهاتەو ئایینزاكانی كوردسـتان لەخۆشی و ناخۆشـی دا یەكن و یەك چارەنـووس و داهاتوویان هەیە، لەدێر زەمانیشـەوە بەیەكەوە لەسەر ئەو خاكە دەژین و هیـچ جیاوازییەك نەبـووە، لێبووردەیی و پێكەوەژیـان لەهەرێمی كوردسـتان بۆتـە كولتوور و كەس ناتوانێت تێكی بدات، دەسـەڵاتی سیاسـی كوردستانیش جەخت لەسـەر ئەوە دەكاتەوەو دەیەوێت باشتر و ڕێكوپێكتر بێت و یاسا سەروەر بێت و لەسەروو هەموو كەسـێكەوە بێـت، كەواتە لەسـاڵی ٢٠١١ پێویست بەوە دەكات لەئەرزی واقیعدا كاری زیاتری بۆ بكرێت و ڕێگە بەهیچ توندڕەوو كەسـێكی خراپ نەدرێت ئەم حاڵەتە تێكبدات، هەروەكو چۆن لەموسڵ و بەغداو ناوچەكانی تری عێراق روویداوەو تووشـی پاشا گەردانی بوون.

ئێمە لەهەرێمی كوردسـتان ئازادانە مومارەسەی ئایینی خۆمان دەكەین و خوێندن و بەشی ڕۆشنبیری خۆمان هەیە، بەڵام پێویستمان بەگەڕانەوەی دەڤەری ئێزدییەكان هەیە بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئەمەش داواكاری هەمـوو ئێزدییەكانـە، چونكـە پێوەندی كۆمەڵایەتی و ئایینیمان لەگەڵ برا موسـڵمانەكان زۆر باشە)).

ژماره (٨١٢) ■ ٢٠١١/١/٣





### حامید سەحن گەروم سەرۆکی کاروباری ئەنجومەنی سابیئەی مەندائی بۆ (گوڵان):

# گەیشتینە ئەو باوەڕەی کوردستان نەتەوەو گەلانێکی ئاشتیخوازی لێیەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بەدادپەروەری دەژین و ڕێز لە یاسا دەگرن

سابیئەی مەندائی لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆریان لەناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق دەژین، بەڵام ئارامی و سەقامگیری کوردستان بۆتە جوگرافیایەك بۆ ئەوەی ئەم تائیفە بچووکەش بتوانن لەهەرێمی کوردستاندا داب و نەریت و کولتوور و ڕۆشنبیری ئایینی خۆیان پیادە بکەن، سەبارەت بە پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان، بەڕێز حامید سەحن گەروم بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و زیادبوونی هێرشە تیرۆریستییەکان و دوورکەوتنەوە لەخەسڵەتی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینزاکان لە بەشەکانی دیکەی عێراق، تەنیا کریستانەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئایینزاکانی تریش دووچاری ئەم کارە توندوتیژی و قێزەونانە بوونەتەوە، ئەوەتا ئایینزاکانی سابیئەی مەندائیش لەخواروو ناوەڕاستی عێراق کۆچیان دەست پێکردووەو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئێستاکە بوونەتە خاوەنی پەرستگای تایبەت بەخۆیان)).

سەبارەت بەپاڵپشتیکردن و داواکاری سابیئەی مەندائی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، حامید سەحن گەروم سەرۆکی کاروباری ئەنجومەنی سابیئەی مەندائی وتی: ((لەساڵی٢٠٠٧ـەوە لەئاکامی ئەو کارە تیرۆریستییانەی کە لەشارەکانی عێراق ئەنجام دەدرا، چەند خێزانێکی سابیئەی مەندائی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردو لەشاری هەولێر نیشتەجێبوون، ژمارەی ئەم خێزانانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادیکرد تاوەکو گەیشتە ١٥٠ خێزان، کارە تیرۆریستییەکان دژ بە ئایینزای سابیئەی مەندائی بەرادەیەك بوو گەیشتە ڕفاندنی منداڵ و پەلاماردانی خێزانەکانیان و تاڵانکردنی دوکانەکانیان، لەگەڵ هاتنمان بۆ هەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی پێشوازیی لێکردین و لەچەندین بوارو لایەن پاڵپشتییان کردین، بەرادەیەك سەرۆك بارزانی لەگەڵمان دانیشت و ئامادەباشیی و هاوکاری خۆی دەربڕی، لە ڕوانگەی سەرۆکی هەرێمەوە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە کوردستان نەتەوەو گەلانێکی ئاشتیخوازی لێیەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بەدادپەروەری دەژین و ڕێز لە یاسا دەگرن و ئێستا هەموو ئایینزایەکی سابیئە دەتوانێت لە هەرێمی کوردستان کەفالەتی ماڵ و براکانمان بکەین، ئەوانەی دێنە کوردستان و دەتوانین مومارەسەی کارو پیشەی خۆمان بێ هیچ ئاستەنگ و بەربەستێك بکەین، هەر بۆیە زۆر لەو خێزانانەی هاتوونەتە هەولێر دەستیکردووە بەئەنجامدانی کارو پیشەی خۆی، لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی ڕایگەیاندووە کە کەس لەیاسا گەورەتر نییەو دەبێت ڕێزمان لێبگیرێت، لەلای سەرۆکی هەرێم ڕێزو یەکسانی لەنێوان هەموو پێکهاتەو ئایینزاکان هەیە، ئەمەش شتێکی سرووشتی و ئاساییە، چونکە سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەموو کەسێکە بەهەموو پێکهاتەو ئایین و نەتەوەو چین و توێژەوە.

**یەکێك لەبنەماکانی بەهێزی هەرێمەکە ڕێزگرتنە لەمیوان و نەتەوەو ئایینزاکان. بەمەش ئەوەندەی تر هەرێمەکەتان لەڕووی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەوە دەوڵەمەند بووە**

بەڵام ئێمە داواکاری زیاترمان هەیە بەتایبەتی بۆ پێشوازیکردنی ئەو هەموو خێزانە، ئێمە پێویستیمان بەپاڵپشتی و یارمەتی دارایی و مشور خواردنی کرێی خانوو یاخوود شوێنی نیشتەجێبوونمان دەوێت، ئومێدەوارم لە ڕێگەی حکومەتەوە مشورێکی ئەو حاڵەتەمان بۆ بخورێت. یەکێك لەبنەماکانی بەهێزی هەرێمەکە ڕێزگرتنە لەمیوان و نەتەوەو ئایینزاکان، بەمەش ئەوەندەی تر هەرێمەکەتان لەڕووی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەوە دەوڵەمەند بووە)).

## پیتەر گۆتشاک:

# گاندی لەبەر ئەوەی بە شێوازی ئاشتیانە دژی بەریتانیا خەباتی دەکرد، زۆربەی بەریتانیاییەکان بە گەرمی پێشوازییان لێدەکرد

پرۆفیسۆر پیتەر گۆتشاك ئوستادی بەراوردکاری ئایینەکانە لەزانکۆی ویسلیان، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئایینەکان و ناسنامەی نەتەوەیی پێڕەوانی ئایینەکان، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی لێبوردەیی و پێوەندی ئەم چەمکە بەسەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانەی لەسەر بنەمای ئاشتی و لێبوردەیی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، پرۆفیسۆر گۆتشاك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (زاراوەی لێبوردەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دوو شێواز بەکار دەهێنرێت. هەندێك کەس ئەم زاراوەیە بەکاردێنن وەك گوزارشتکردنێك بۆ قبوڵکردنی تاکەکان و گرووپە جیاوازەکان. لەکاتێکدا کەسانێکی تر لەو بڕوایەدان کە «لێبوردەیی» شتێکی زۆر جیاوازە لەگەڵ «قبوڵکردن» و ناکرێ لەگەڵ ئەو واتایە تێکەڵ بکرێت. ئەمانە لەو بڕوایەدان کە «لێبوردەیی» مانای یەکلاکردنەوەیە لەگەڵ کەسانی تر، بەشێوەیەك کە ڕێگەیان پێبدەن بەردەوام بن لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان، بەڵام قبوڵیان ناکەن و باوەشیان بۆ ناکەنەوە. ئەوان لەو بڕوایەدان کە لێبوردەیی بەس نییە، لەبەرئەوەی تەنیا تێگەیشتنی دوو لایەنە و قبوڵکردن دەتوانێت ئاشتی و عەدالەتی هەمیشەیی بخوڵقێنێت. منیش لەگەڵ ئەوان هاوڕام. هەربۆیە زۆربەی نەتەوەکانی رۆژئاوا کە داوای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین دەکەن، لەپێناوی ڕێگرتنە لە دووبارەبوونەوەی مێژوو و کارەساتەکانی توندوتیژیی ئایینی کە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا پیادە دەکرا. ئایین بەشێوەیەکی رەها لە دەوڵەت جیا ناکرێتەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەت چەندین جۆری خەڵکی تێدا هەیە کە بڕیار و شێوازی ژیانیان پەیوەستە بە پاپەندبوونە ئایینییەکانیان (یانیش پاپەندبوونی نائایینی). وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا تاکو ئەمڕۆش جیاوازی دەکەن لەگەڵ کەمینە ئایینییەکان. بەرهەحاڵ، لەڕێگەی پرۆسەیەك لە عەدالەت و هەڵە لە سکاڵای هاووڵاتیان و گۆڕانکارییەکانی دەوڵەت، ئەمڕۆ لێبوردەیی لە جاران باشتر پیادە دەکرێت لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا. بەڵام ئەم پرسیارە وەڵامێکی روون و رەهای نییە. بەپێی ئەزموونی شەخسی خۆم، زۆرجار پێکدادان لەنێوان کۆمەڵگە ئایینییەکاندا بەرپا دەبێت کە لەگەڵ یەکتریدا هاوشێوەن و مەزهەبیان جیاوازە، یاخود لەنێوان ئەو ئایینانەی



کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە یەکتری جیاوازن. ئەم دیاردەیەش دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆسەر تاکەکانی کۆمەڵگە. بەو شێوەیەی کە من تێیدەگەم، دیالۆگ بە باشترین شێوە سەرکەوتوو دەبێت لە ئاڕاستەکردنی هۆکارە سەرەکییەکان لەبارەی جیاوازییەکان و سەرچاوەکانی لێك تێنەگەیشتن. بەڵام جەختکردنەوە لەسەر لێکچوونە تەمومژییەکان بەتەنیا بەس نییە. تەنیا لەڕێگەی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی هاوبەش بۆ لێبوردەیی، یاخود قبوڵکردنی هاوبەش، واتایەکی راستەقینەی دەبێت و دەبێتە مایەی بونیادنانی پردەکانی دیالۆگ. هەروەها زۆرجار

## کرستیانییەت و ئیسلام هۆکاری پێکدادانی شارستانییەتەکان نییە

باس لەپێکدادانی شارستانییەتە جیاوازەکان دەکرێت، بەشێوەیەك کە هەر دەڵێی باس لە شتێکی زۆر جیاواز دەکەن، وەك ئەوەی پۆلێنی گیانداران بکەن. بۆنموونە کە پۆلێنی ماسی دەکەین لەگەڵ باڵندە، جیاوازییەکە ئەوەیە باڵندە دەفڕێت و ماسی لەناو ئاودا دەژی، بەڵام سروشتی مرۆڤایەتی زۆر لەمە قووڵتر و ئاڵۆزترە. بەڕای من زاراوەی «شارستانییەت» زۆرجار بەکاردەهێنرێت وەك پاساوێك بۆ تەفزیلکردنی گرووپێکی زۆرینە و بەرزڕاگرتنی لەسەر حسابی گرووپەکانی تر، بەڵام ئایا تورکیا و عێراق و ئەندەنۆسیا لەڕووی کولتووری ئایینییەوە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە؟ بێگومان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی ئایینی دیکەشیان هەیە، کە جیاوازی لەنێوانیاندا دەخوڵقێنێت. لەبەر ئەوەی تورکیا هەندێ سیما و تایبەتمەندیی هەیە کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەورووپا، بەڵام «ئەندەنۆسیا» هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی هاوشێوەی لەگەڵ وڵاتی هیندستان هەیە، هاوکات کریستیانەکانی عێراق خاوەن کولتووری هاوشێوەن لەگەڵ موسڵمانەکانی عێراقدا. لێرەدا کرستیانییەت و ئیسلام هۆکاری پێکدادانی شارستانییەتەکان نییە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بە ئەقڵییەتی ئەو موسڵمان و کرستیانانەی کە شەرعییەت دەدەن بە سەرهەڵدانی توندوتیژی و پێکدادان لەدژی یەکتری. مێژوو سەلماندوویەتی کە کرستیان و موسڵمانەکان چیتر لە ٢ جیهانی جیاوازدا ناژین، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کرستیان و موسڵمان هەیە کە لەهەمان کۆمەڵگەدا دەژین، هەر بۆیە هیچ جیاوازییەك نادۆزمەوە لەنێوان لێبوردەیی ئایین و لێبوردەیی ئیتنی. لەهەردووك حاڵەتەکاندا، ئەگەر هات و هەر گرووپێك لەگەڵ گرووپی تر جیاواز بوو، ئەوکات پێویستە لەسەر لایەنە جیاوازەکان تێگەیشتنیان هەبێت لەبارەی بنەماکان و بۆچوونە جیاوازەکان و دۆزینەوەی هۆکارەکانی پشت بەرهەڵستکاری لایەنی بەرامبەر بۆئەوەی بتوانن لەسەر ئەو بنەمایە رەفتار و جووڵانەوەکانیان ئەنجام بدەن. وەك رای شەخسی خۆم بەو دیمەنی پێشوازی گەرمەی بەریتانییەکان بۆ «مەهاتما گاندی» سەرسامم، ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە دەکرێت لێبوردەیی لەڕێگەی میتۆدی ئاشتییانە دروست بکرێت. «گاندی» بەهێزترین دوژمنی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی بوو، بەڵام زۆربەی بەریتانییەکان بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکرد بۆ نێو خاك و نەتەوەکەیان. هۆکاری ئەم پشتگیری کردنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (گاندی) ستراتیژییەتی توندوتیژی بەکارنەهێنا بۆ بەرهەڵستکاریکردنی بەریتانیا، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشتیانە توانی سەرکەوتووانە دژایەتیی بەریتانیا بکات، لەبەر ئەوەی گاندی توانیی ستەمدار و ناعەدالەتی بەریتانیا لەدژی هیندستان بخاتەڕوو. بەهەمان شێوەی گاندی، مارتن لوسەر کینگیش بە شێوازێکی مەدەنی هەمان شتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدا، ئەویش لەڕێگەی قەناعەتپێهێنانی سپی پێستەکان کە رەشپێست بکوژ و تاوانبار نییە و ئەو کەسە نییە کە سپی پێستەکان بیری لێ دەکەنەوە.



## پۆڵس شەمعون ئیسحاق سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان بۆ(گوڵان):

# هەرێمی کوردستان لەسایەی سەرۆکەکەی و هاووڵاتییانی بۆتە پێگەیەک بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان

پۆڵس شەمعون ئیسحاق سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان پێیوایە کریستانەکان لەهەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکیان نییەو هەزارەها ساڵە گشت مەسیحییەکانی (کلدان، سریانی، ئاشووری) لەگەڵ برا موسڵمانە کوردەکان و سابیئەو ئێزدی و کاکەیی پێکەوە دەژین، دەربارەی ئەم واقیعە پۆڵس شەمعون بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (گرفت و کێشەکانی مەسیحییەکان لەناوچەکانی دەرەوەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی لە شارەکانی موسڵ و بەغداو بەسرا، کە بەدڕندەترین شێوە لەلایەن گرووپ و تاقمە تیرۆریستەکانەوە هێرش کرایە سەر مەسیحییەکان، بەرادەیەك بەردەوام خەڵکانی سیڤل لەو ناوچانەدا کەوتوونەتە بەردەم هێرش و هەڕەشەی تیرۆریستان. بەڵام لە هەرێمی کوردستان و لەژێر سایەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مسعود بارزانی-یەوە بارودۆخێك فەراهەمکراوە، هەروەکو چۆن چاوەڕوانکراو بوو کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری پێشوازیکردنی خێزانە مەسیحییەکان دەرچوو، هەرواش بەڕێزیان بەوپەڕی دڵسۆزی و مرۆڤایەتییەوە پاڵپشتی و هاوکاری جددی ئەو مەسیحییانەی کرد کە کۆچیان بۆ هەرێمی کوردستان کردووە، ئەوەتا لەم جەژنەدا و لە رێوڕەسمێکی زۆر بەرفراوان و گەورەدا جەژن بۆ مەسیحییەکان رێکخرا، بەرادەیەك ئەو مەسیحییانەی کە لە هەولێر و دەوروبەری دەژیان هەستیان بە ئاسوودەیی کرد، پێموایە ئەم



بارودۆخە مۆزایکێکی دەوڵەمەندو مرۆڤایەتییە، کە لەئاکامی ئەو بارودۆخەوە کەوتۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دابینی کردووە بۆ گشت پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، هەربۆیە پێشبینیمان بۆ ساڵی ٢٠١١ زۆر رۆشن و پڕ ئومێدترە، ئەم گەشبینییەی ئێمەش لەو واقیعەی کوردستانەوە هاتووە، کە هەر لەکۆنەوە کوردستان هەرێمێکی دەوڵەمەند بووە لە پێکهاتەو ئایینی جیاواز، بەرادەیەك هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا بۆتە پێگەیەك بۆ تەبایی و پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، لە رێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان لە دێر زەمانەوە تێکەڵاوی و رێزو پێوەندی دۆستانە هەبووە، بارودۆخەکە لە عێراقدا بەتەواوەتی پێچەوانەیە، لەوێ هێرش دەکرێتە سەر مەسیحییەکان لەبەرچاوی حکومەت و بێئەوەی ئەوانەی ئیدعای پاراستنی ئەمنییەت و بەرز راگرتنی یاسا دەکەن، هەڵوێستێکیان هەبێت. هەر بۆیە بەلێشاو خێزانێکی زۆری مەسیحی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەرێمێك سەرۆکەکەیی و هاووڵاتییانی رێز لە مرۆڤ و پێکەوەژیان و ئاسوودەیی و ئارامی دەگرن)).



هەیاس مەحمود کاکەیی سەرۆکی ڕێکخراوی مەکۆ برایی بۆ (گوڵان):

# لەساڵی داهاتوو ئومێدم زۆرە کوردستان لە ناوچەکەدا زیاتر ببێتە پێگەیەکی پێکەوەژیان و نزیکبوونەوەی هەموو ئایینزاکان لە جیهاندا

ماموستا هەیاس مەحمود کاکەیی سەرۆکی ڕێکخراوی مەکۆ برایی و کەسایەتی ڕۆشنبیری کاکەیی سەبارەت بە مۆزایکی کۆبوونەوەی سەرجەم ئایینزاکان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((لەکوردستان لەنێوان هەموو ئایین و مەزهەبەکان پێکەوە ژیانێکی باش هەیە، تا ئێستا هیچ گرفتێکی وا ڕووی نەداوە کە شایەنی باسکردن بێت. ئەمەش بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەکە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم لە پاراستنی هەموو نەتەوەو ئایینزاکان و مەزهەبەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو لوتکەی پێکەوەژیان، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە هەموو تواناکانی کوردستان ڕەنگاوڕەنگترو جوانتر و پێشکەوتووتر بێت و ئاراستەی ئەوە بکرێت کە خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی ئابووری بۆ گەلی کوردستان بهێنن. لەساڵی داهاتوو ئومێدم زۆرە کوردستان لە ناوچەکەدا زیاتر ببێتە پێگەیەکی پێکەوەژیان و لێك نزیکبوونەوەی هەموو ئایینزاکانی ناوچەکە، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بدرێت تاوەکو ئەم خاڵە بکرێتە لایەنی بەهێز بۆ پتەوکردنی زیاتری کیانی هەرێمەکەمان، چونکە لە زۆر وڵاتانی دنیا کە خۆیان بەپێشکەوتووش دادەنێن، کەچی جیاوازی و ناعەدالەتی و کێشەی نێوان ئایین و نەتەوەکان هەر ماوە)).

**ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم لە پاراستنی هەموو نەتەوەو ئایینزاکان و مەزهەبەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو لوتکەی پێکەوەژیان**

بەڕێزی سەبارەت بەو هێرش و کارە تیرۆریستییانەی کە پێش ماوەیەك لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کرابووە سەر کاکەییەکان وتی: (لە عێراق بەرادەیەك زۆر کاکەیی تووشی ترس و تۆقاندن بووەو تاکو ئێستاش متمانە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراقدا نییە، چونکە ئەو تاقم و گرووپە تیرۆریستییانەی کە ئیدعای ئایین دەکەن ڕاست ناکەن و ئایین و مەزهەبەکانیان بۆ فریودان و ئازاردانی هاووڵاتییانی سیڤل بەکارهێناوە، هەموو ئایینەکان لە جیهاندا تەئکید لەسەر پێکەوەژیان و تەساموح دەکەنەوەو دوورە لە ئازاردان و کوشتنی مرۆڤەکان، لە ئایینی کاکەیی دا زۆر تەئکید لە پێکەوەژیان و تەساموح کراوە، ئێمە کوردی ڕەسەنین و هەڵگری کولتووری ڕاستەقینەی کوردەوارین)).



## مانشێم فیش بۆ گوڵان:

# ئایین لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی گەشە بەخۆیەوە دەبینێت، کە تێکەڵاوکرا ئەگەری ئەوە هەیە ئەویش دووچاری گەندەڵی ببێت

پرۆفیسۆر مانشێم فیش ئوستادی مێژوو و زانستی فەلسەفەیە لە زانکۆی تەلئەبیب و پسپۆر و تایبەتمەندە لەمێژووی ئایینەکاندا، سەبارەت بە چەمکی لێبوردەیی وەك چەمکێکی فەلسەفی بۆ پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان و سەبارەت بەبایەخی ئەم چەمکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پرۆفیسۆر مانشێم فیش لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵاندا بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (لێبوردەیی زۆر زۆر گرنگە، بەڵام لێبوردەیی بە تەنیا بەس نییە. بە زمانەکانی ئینگلیزی و لاتینی و عیبری، لێبوردەیی بەواتای قبوڵکردنی کەسانی بەرامبەر کە لەگەڵیان ناکۆکین، دێت. بەلای منەوە لێبوردەیی بریتییە لە قبوڵکردنی کەسی بەرامبەر کە پێکەوە لەسەر یەك خاك بژین و ڕێگەی پێبدەم مومارەسەی نەریت و کولتوورەکانی بکات بەبێ ئەوەی دەستێوەردانی ژیانی بکەم. هەڵبەتە ئەم شتە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام خودی لێبوردەیی گرەنتی ئەوە ناکات کە کەسی بەرامبەر بایەخی بۆم دەبێت یان نە، بەهیچ شێوەیەك گرەنتیی ئەوە ناکات کە بتوانم سوودی لێ وەرگرم. ئەوەی کە پێویستە وەدیی بێنین تەنیا لێبوردەیی نییە بۆ کەسی بەرامبەر، بەڵکو شتی زیاتر. ئەوەی کە پێویستە بەهاو بایەخی کەسانی بەرامبەر لەبەرچاوبگرین. هەربۆیە پێموایە کە لێبوردەیی فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ ئاشتی، بەڵام بەڕای من پێوەندیی ئاشتیانە زۆر گرنگترە لە دانپێنان بە مافەکانی کەسانی بەرامبەر لەڕووی مومارەسەکردنی نەریت و کولتوور و ئایین و شێوازی بەڕێوەچوونی ژیانیان. پێویستە بەها و بایەخی کەسی بەرامبەر لەبەرچاوبگرین و گرنگییان پێبدەین و مافەکانیان پێببەخشین لەبارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ژیانیان. بەڕای من ئەو شتەی کە من دەتوانم بە خەڵکی ببەخشم، یان ئەو شتەی کە خەڵك پێمانی دەبەخشن، هەمان ئەو شتە نییە کە بۆ خۆمانی ئەنجام دەدەین. بەواتایەکی تر، کاتێك لە ژیانی خۆمان دەڕوانین و سەیرێکی دەوروبەرمان دەکەین و سەیری شێوازی ژیانی خەڵکانی تر دەکەین، تێڕوانینی نوێمان بۆ دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە شێوازی ژیانی دەوروبەرمان جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆمان، لەو ساتانەدا لە روانگەی خۆمانەوە دەڕوانینە ژیانی خەڵکانی تر و لەهەمان کاتیشدا جیاوازییەکان دەبینین و لەئاکامیشدا بیرۆکە و تێڕوانینی نوێم بۆ دێت و بۆم دەبێتە هاندەرێك بۆ دەوڵەمەندکردنی پێگەکەم لەناو کۆمەڵگە. پێویستە پێشوازی بکەین لە هەبوونی کەسانی بەرامبەر لە



دەوروبەرماندا و مافیان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان، نەك تەنیا بە لێبوردەیی و یان دانپێنان بە مافەکان، بەڵکو لەبەرئەوەی کەسانی بەرامبەر پێشوەختە بوونیان هەیە و پێویستە قبوڵیان بکەین بەهۆی جیاوازییەکانمان، نەك بەهۆی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان، دەبێت لەو ڕوانگەیەوە قبوڵی کەسانی بەرامبەر بکەین کە خاڵە جیاوازەکان کۆمان دەکاتەوە و بزانین کە جیاوازین و خوازیاری دیاردەی پلۆرالیزم بین، مەبەستم کۆمەڵگەیەکی فرەئیتنی فرەکولتووری فرەئایینی، لەبەرئەوەی فرەیی و جیاوازی دەبێتە مایەی ئاڵوگۆڕی، پێویستە خۆشحاڵبم بەو شتانەی کە لەوانەیە لە کەسانی بەرامبەردا فێری بم، هاوکات کەسانی بەرامبەریش لە ئێمە فێردەبن، مەبەستم ئەوەیە لێبوردەیی فاکتەرێکی زۆر سەرەکیە، بەڵام پێناسە بۆ لێبوردەیی دەکەم وەك بچووکترین هێڵی سەرەکی. لەو هەرێمەی کە من تیای نیشتەجێم و دڵنیام لە هەرێمەکەی ئێوەشدا لێبوردەیی گەورەترین دەسکەوتەکانتانە، بەڵام پێویستە هەوڵ بۆ شتی زیاتر بدەین. پێوەندی لەنێوان لێبوردەیی و ئاشتی ئەوەیە کە لێبوردەیی بەواتای تەحەممولکردنی جیاوازییەکانی نێوان شێوازی بەڕێوەچوونی ژیانی ئێوە لەگەڵ شێوازی ژیانی دەوروبەرتان، لەئاکامیشدا لێبوردەیی و قبوڵکردنی کەسی بەرامبەر دەبێتە هۆی چەسپاندنی ئاشتی. دانپێنان بە هەبوونی کەسی بەرامبەر پاپەندێکی حەتمییە بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەگەڵ ئەو کەسە. بەڵام چەندین جۆر ئاشتی هەیە، ئاشتی سارد و ئاشتی گەرم، ئاشتی وەبەر هەیە لەگەڵ ئاشتی بێبەر. هەربۆیە، پێموایە باشترین شت ئەوەیە بەدوای باشترین جۆری ئاشتی بگەڕێین، وەك جۆرە ڕێککەوتنێك کە زیان بەهیچ لایەنێك نەگەیەنێت. بەواتای، لە خودی ئەو کەسانەی کە ئاشتەواییان لەگەڵ ئەنجام دەدەین بگەڕێین بەدوای بەها و شیاوی و شایستەیی، ئەوکات شتەکە زۆر لە ئاشتی مەزنتر دەبێت و هاوکات لە لێبوردەییش زۆر باڵاترە. هەر بۆیە تاراددەیەکی زۆر هاوڕام لەگەڵ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، نەك بەهۆی لێبوردەیی یان ئەو مەسەلانەی کە قسەمان لەسەری کردووە. بەڵکو پێموایە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەهۆی ئایین گەندەڵ دەبێت و بەپێچەوانەشەوە، کە ئایینیش بەهۆی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت ئەگەری گەندەڵبوونی هەیە. لەهەمان کاتیشدا پێموایە ئایین لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی گەشە بەخۆیەوە دەبینێت. دەمەوێ ئەم نموونەیەتان بۆ بێنمەوە، کاتێك کە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاریدا لەسەر جیاکردنەوەی ئایین

**لێبوردەیی بەواتای قبوڵکردنی کەسانی بەرامبەر کە لەگەڵیان ناکۆکین. دێت. بەلای منەوە لێبوردەیی بریتییە لە قبوڵکردنی کەسی بەرامبەر کە پێکەوە لەسەر یەك خاك بژین و ڕێگەی پێبدەم مومارەسەی نەریت و کولتوورەکانی بکات**

لە دەوڵەت، لەو سەردەمەدا خەڵکانێکی ئایینی زۆر هەبوون، بەڵام ئەمریکا ئەو کارەی لەپێناو ئایینەکەدا نەکرد، بەڵکو لەپێناو دەوڵەت بوو. لە وڵاتە فرەئایینییەکانیشدا، پێویستە دەوڵەت بەرپرسیاربێت بەرامبەر هەموو ئایینەکان. بەشێوەیەك کە بەرپرسیار بێت لەسەر گەشەسەندن و ئازادی بۆ هەموو ئایینێك، لەگەڵ تەرخانکردنی سەرچاوەکانی بۆ هەموو ئایینەکان بەشێوەیەکی یەکسان. بەڕای من ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە جەختکردنەوەی لەسەر ڕەخساندنی ئازادی بۆ ئایینەکان. وەك کەسانێکی (*ئایین ناس)، من خۆم کەسێکی ئایینیم، پێویستە هەموومان هەوڵبدەین لەپێناو خولقاندنی کەشوهەوایەکی ئارام لەنێوان ئایینە جیاوازەکانمان لەڕێگەی لێبوردەیی و چەسپاندنی چەمکی پلورالیزم و نواندنی ڕێز بۆ ئایین و بیروباوەڕی خەڵکانی تر. بەڕای من مەسەلەکە پەیوەستە بەخۆمان بۆئەوەی سەرچاوەکانمان بەکاربێنین بۆ کێشانی هێڵەکانی لێبوردەیی لەناو ئایینەکانی خۆماندا، ئەویش بۆئەوەی هەموو گرووپ و ئایین و تایفە و کۆمەڵگە جیاوازەکان گەشە بەخۆیانەوە ببینن. هەربۆیە ئەرکی هەر یەك لەئێمە بریتییە لە خولقاندنی گونجاندنێك لەنێوان جیاوازییەکانمان نەك بیکەین بە کەرەستەیەك بۆ دژایەتیکردنی یەکتری، هەروەها لە جیاوازییەکانی یەکتر فێربین. هەموو ئایینێك خاوەن چەندین تایبەتمەندی و خەسڵەتی باش و ئاشتییانەیە، هەروەها هەردوو لایەنە نەیارەکان خەڵکانی باش و ئاشتیخوازیان تێدا هەیە، بەڵام کە بێینە سەر جیاوازییەکان و بگەڕێین بەدوای هۆکار و بەرپرسەکانی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە، دەبینین تەنیا گرووپێکی زۆر زۆر بچووکی لەدواوەیە. پێویستە زیاتر چێژ لە جیاوازییەکانی نێوانمان وەربگرین و ئاڵوگۆڕی مەعریفە و زانیاری بکەین لەنێوانی خۆماندا. لە کۆتاییدا دڵێم پێویستە هەموو کەسێك هەست بە قایلبوون لە ئایینەکەی بکات و بەهیچ شێوەیەك هەستی دوژمنایەتیی لادروست نەبێت و ئەو هزرەی نەبێت کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە، لەهەمان کاتیشدا پێویستە هەموو هەوڵێك بدات لەپێناو قبوڵکردنی خەڵکانی تر و پەسەندکردنی شێوازە جیاوازەکانی ژیانی کەسانی بەرامبەر، لەبەرئەوەی زۆر شت هەیە کە دەتوانین لێیان فێربین.

# داخوازی نۆزدەیەم



فلك الدين كاكەيى

لیستی کوردستانی، (١٩) داخوازی خستە بەردەستی نوری مالکی، کە هێشتا پاڵێوراوی سەرەکوەزیران بوو، کە هەرێم بە مەرجی وەرگرتن و جێبەجێکردنی ئەو نۆزدە داخوازییە بەشداری حکومەتی بەغدا بەسەرەکوەزیرایەتیی مالکی، دەبێت.

یەکێك لە داخوازییەکان، بە نۆزدەیەمم داناوە ئەوەیە کە ئەگەر لیستی کوردستانی لە حکومەتی هاوبەشی عێراقی فیدرال کشایەوە، ئەوە حکومەتەکە، واتە: وەزارەتەکە، دەبێ هەڵبوەشێتەوە(واتە: بروخێ) تا حکومەتێکی دیکە پێکبێت.

وەلێ نوری مالکی، چ بەر لە هەڵبژاردنی یا، دوای ئەوە، ئێستاشی لەگەل بێ، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە (١٨) داخوازی لیستی کوردستانی قبوولە تەنیا داخوازی هەڵوەشانەوەی حکومەت بە کشانەوەی لیستەکە نەبێ، واتە داخوازیی نۆزدەیەمی پەسەند نەکردووە. ئەگەر هیچیش جێبەجێنەبوو ئەوە لیستی کوردستانی دەبێ بێدەنگ لە هۆڵی پەرلەمان و حکومەتی بەغدا دابنیشێ!

بێگومان، لیستی کوردستانی وەختایەك لە حکومەتی بەغدا دەکشێتەوە کە گشت یا هەندێ لەو (١٨) داخوازیە بەجێنەهێنێت.

خۆ ئەگەر مالکی داخوازییەکەی کوردستانی جێبەجێکرد ئیتر پێویست بە داخوازی نۆزدەیەم نامێنێ! دەمەوێ بەخۆشباوەڕی و گەشبینی بروانمە ئاییندەی حکومەتی بەغدا و ڕەوشی لە تەك کوردستاندا. هیوادارم داخوازییەکانمان جێبەجێببن تا لیستەکەمان ناچار نەبێ لە حکومەتی فیدرال بکشێتەوە.

بەلام (.. بەلام وا لەمم ((بەلامە))..) بۆچی نوری مالکی داخوازیی نۆزدەیەمی قبوول نییە؟! خۆ ئەگەر دڵنیا بێ و بڕوای هەبێ بە جێبەجێکردنی (١٨) داخوازییەکە، ئیتر بۆچی لەوە ترساوە لیستی کوردستانی بکشێتەوە؟!

دیارە ئەم لیستە تەنیا لە حاڵەتی جێبەجێنەبوونی هەندێ، یا گشت، داخوازییەکانی بڕیاری کشانەوە دەدات. گەر نا بۆ ((هەوای نەفس)) ناکشێتەوە!

لیستی کوردستان ئاواتەخوازە ناچاری وەرگرتنی ئەم بڕیارە نەبێتەوە، بەڵکو حکومەتی مالکی و هاوپەیمانانی پابەندی داخوازییەکانی گەلی کوردستان ببن.


کەواتە، لەو نۆزدە داخوازییە لیستی کوردستانی، هیچ نەبێ، بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ داخوازیی نۆزدەیەم جێبەجێبکات! بەقسەی مالکی، داخوازیی نۆزدەیەمی قبوول نییە، ئەگەر هەندێ داخوازیی گرنگیشی پشتگوێ خست، وەك ریفراندۆم بەپێی مادە ١٤٠ و مەسەلەی نەوت، ئەوە ئیتر کشانەوە یان نەکشانەوەی لیستی کوردستانی کار ناکاتە سەر هەڵوێست و کاروباری حکومەتی بەغدا، بەڵکو بە پێگوێدانە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان درێژە بە کاری خۆی دەدات! دەترسم ڕۆژێ حکومەتی بەغدا بە لیستی کوردستانی بێژێ: هەقی خۆتان وەرگرتووە! چیتر داوا مەکەن!! ئەوەشی هەیە زیادەیە!

د. مەحمود عوسمان ئەندامی لیستی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە لە نزیکبوونەوەی هەردوو لیستی مالکی و عەلاوی (بڕوانە: ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت ٢٠١٠-١٢-٢٩) هەروەها گازندە دەکات لەوەی سەرۆکایەتی کورد یارمەتی لایەنە عێراقییەکانی داوە تا پێکبێن و بەخۆیان (و بۆخۆیان) بەری ڕەنجی کورد بخۆن.. و ((دەبینین کە بە ئەنقەست ڕۆڵی کوردستان لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا لاواز و پەراوێز دەکەن))، چونکە لیستەکانی مالکی عەلاوی دەستیان بەسەر پۆستە سەرەکییەکانا داگرتووە.

لێرەدا، ئەمنیش تێبینیەکی دیکەی دەخەمە سەر و دەڵێم: ئەگەر ئەو دوو لیستە گەورەیە بە تەواوی یەکبگرن و دەست دابگرن، ئەوە لەسەر حسابی لیستەکانی دیکە قەڵەوتر دەبن، لێرەشدا بە ئاسانی لە حسابی لیستی کوردستانی دەخۆن!

وەك هەمیشە دەمێنێتەوە بۆمان، لەخۆ بپرسن: گەلۆ! ئەگەر ئاوها بوو چبکەین باشە؟.. دڵنیام کە کارتی فشارمان هەیە، لەوانەش پێداگرتن لەسەر مافی چارەی خۆ نووسین و بایەخدانی فراوانتر بە ڕێکخستنەوەی ریزی بزاڤی دیموکراتی ڕزگاریخوازی ئاشتیخوازی کوردستان.

# ساڵی ٢٠١٠ بە کۆمەڵێک دەستکەوتەوە بەکۆتا دەگات



حامید گەوهەری

کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ دا کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و دیپلۆماسیی بۆخۆی تۆمارکرد کە بەشێکیان گرنگایەتیی تایبەتیان هەیە لە ژیانی دوارۆژی گەلەکەماندا، وەک: گەشتە دیپلۆماسییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، نەمسا، ڕۆما، تورکیا، سعودیە، لوبنان و عەمان بۆ بە دیموکراتیزەکردنی عێراق بە ڕێگەی فیدراڵیی و بە یەکەوە ژیانی یەکسان. بە ژینۆساید ناسینی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق لەلایەن مام جەلالەوە. دەربازکردنی قەیرانی پێکهاتنی حکومەتی عێراق بە دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. پێکهاتنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پێکهاتنی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکرات و گۆڕانکاریی لە ستراکتۆری پارتی دیموکرات و گونجاندنی مافی چارەی خۆنووسین لە پرۆگرامیی پارتی دیموکراتدا. ئاوەدانکردنەوەی پتری کوردستان و گەشەپێدان بە باری ژیانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. دابینکردنی ئارامیی و ئاسایش بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و کردنەوەی فەزایەکی شیاو بۆ چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی هەرێمی کوردستان. دەستەبەرکردنی پێوەندییەکی شیاوی سیاسیی بە ڕێزگرتنی دەسەڵاتی دوولایەنە لەگەڵ دراوسێیەکانی هەرێمی کوردستان. کردنەوەی دەروازەیەکی ئارام بۆ توریستی وڵاتانی دەوروبەر و ناوخۆی عێراق و دانانی چەندان یاسای نوێ لە پەرلەمانی کوردستاندا و...تاد، دەستکەوتەکانی ساڵی ٢٠١٠ ی هەرێمی کوردستانن.

لە هەمانکاتدا سەرکردایەتیی کورد نەیتوانی لە ساڵی ٢٠١٠ دا هەندێک کێشەی هەڵپەسێردراو لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق چارەسەر بکات، وەک سەرژمێریی عێراق بە نەتەوە، بە ئەنجام گەیاندنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کێشەی پێشمەرگە و کێشەی هەناردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوەی عێراق کە هەموویان پەیوەستن بە خاڵەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق. چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی ٢٠١١ دا بەشێک لەو کێشانە چارەسەر بکرێن، لەگەڵ خزمەتگوزاریی پتر بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، چەسپاندنی یاسا لەناو ئۆرگانەکانی حکومیی و حزبیی و ناو خەڵکدا، قورسترکردنی یاسای لێخوڕینی ئوتۆمبێل هەرلە فێربوونەوە تا دەگاتە ئەو کەسانەی جەوازی لێخوڕینیان هەیە، بە دانانی خولی پەروەردەکردن بۆ شۆفێرەکان. چالاککردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانیاریی گەیاندن بە دانیشتوان و گەشەپێدان و کاراکردنی کەرتی ناخۆیی و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەزگاکانی پێوەندیدارەوە. سەرنجدان بە پاک و خاوێنیی قاوەخانەکان، چێشخانەکان، چاپخانەکان، ئاودەستی مزگەوتەکان و ئەو شوێنانەی جێی کرێکاران و هاتووچۆی خەڵکن بۆ پاراستنی تەندروستییان. بەرگریی کردن لە هەناردنی چاپەمەنی بۆ وڵاتانی دراوسێ و کاراکردنی چاپخانەکان و دانانی باج لەسەر بازرگانان. چەسپاندنی یاسای خۆپیشاندان. بۆ نموونە ئەگەر گروپێک بخوازێت لە وڵاتە دیموکراتەکانی وەک سکاندیناویا خۆپێشاندان بکات. بە نامەیەک لە پۆلیسی ناوچەکە داوای ئیزنی خۆپێشاندان دەکات. پۆلیس بەو مەرجە ئیزنی پێدەدات: ١- مەبەست لە خۆپێشاندانەکە روون بکرێتەوە. ٢- شوێنی خۆپێشاندانەکە دیاریی بکرێت. ٣- ماوەی خۆپێشاندانەکە بە کاتژمێری دەستپێکردن و کۆتاییهاتن دیاریی بکرێت. ژمارەی بەشدارانی خۆپێشاندانەکە بنووسێت. ٤- دروشمی خۆپێشاندانەکە ڕابگەیەنرێت، ٥- بەرپرسی خۆپێشاندانەکە بەناو بناسێنرێت.

گرووپی داخوازی خۆپێشاندان ئەگەر ئەو ڕێنماییانەی ڕەچاو کرد، پۆلیس گرفتێک لە بەرپابوونی ئەو خۆپێشاندانەدا نەبینێت. پارەیەکیان بۆ دیاریی دەکات کە هەرنەبێ ڕۆژێ بەر لە خۆپێشاندانەکە بیرێژنە حسابی پۆلیس و ئەوانیش ئیزنیان پێدەدەن. ئەگەر بەپێچەوانەی ئەم ڕێنوێنییانە کاربکرێت، پۆلیس ڕێگەیان پێدەگرێت. دەبا ئێمەش لە ساڵی ٢٠١١ دا وەک خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەت و خەڵکەکەمان بکەین و لە کاری تێکدەرانە بە قازانجی لایەن و گرووپەکەمان خۆمان بپارێزین.

# حکومەتی عێراق و مەزندەی سیاسەتمەدار

هاوکات لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێی ٢٠١١، حکومەتی تازەی عێراقیش دەست بەکاردەبێت، لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٢٠١٠ ساڵی ململانێی هەڵبژاردن و ململانێی سیاسیی و ئاستەنگ دروستکردن بوو، تا دەستپێشخەریەکەی سەرۆک بارزانی سەرکەوت و لایەنە سیاسییەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق رێککەوتن، بەڵام ساڵی ٢٠١٠ بە ساڵێکی باش بۆ حکومەتی عێراق ناژمێردرێت و بۆیەکەمجارە لە مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتی کە ماوەی نزیکەی ساڵێك وڵاتێك لەلایەن حکومەتێکەوە بەڕێوەببرێت کە حکومەتی بەڕێوەبەردنی کاری رۆژانە بێت، ئەم حاڵەتە تا ئەو کاتەی دەستپێشخەرییەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا هەموو مەزندەکان بەو ئاڕاستەیە بوون کە عێراق بەرەو قەیرانێکی سیاسیی گەورە هەنگاو هەڵبگرێت و تەنانەت زۆر لە چاودێرانیش مەزندەی ئەوەیان دەکرد، کێشەکە دەگاتە ئەو ئاستەی شەڕی تائیفی و مەزهەبی لە عێراقدا هەڵبگیرسێت و چارەنووسی وڵات



# و چاودێرانی سیاسیی بۆ ساڵی ٢٠١١

بەرەو هەڵدێر ببات، بەڵام لۆژیکی سەرۆك بارزانی ئەمجارەش بارودۆخەكەی رزگار كـرد و توانرا رەشـبینیەكان لەوپەڕیەوە بگۆڕێت بۆ گەشـبینیەكی بەحەزەر و سیاسەتمەدار و چاودێرانی سیاسیی لە روانگەیەكی دیكەوە سەیری بارودۆخەكە بكەن و هەڵسەنگاندنەكانیان گرێبدەنەوە بە چەند مەرجێك كە هەرە گرنگترینیان جێبەجێكردنـی دەسـتووری عێراقـە، ئەمەش مانای ئەوەیە جۆرە قەناعەتێك لای زۆربـەی عێراقییـەكان دروسـت بـووە، بەتایبەتی ئەوانەی ماوەی چەند ساڵێكیشە جێبەجێكردنی ئەم دەستوورەیان بەبیانووی جۆراوجۆر دواخسـتووە ئێستا خەریکـە دەگەنـە ئـەو قەناعەتەی، ئەگەر دەسـتووری عێراق پێشـێل بكرێت یان ئاستەنگ و گرفت بـۆ جێبەجێكردنـی دروسـت بكرێت، ئەوا سـەرەنجام هەر چارەنووسی عێراق زیاتـر دەكەوێتـە مەترسـیەوە و زیاتر خزمەتگوزارییـەكان دوادەكەوێـت و سەرەنجامیش دەبێت هاووڵاتیان باجەكەی بدەن، لـەم حاڵەتەدا كە وەرچەرخانێك لە پرۆسەی سیاسی عێراق بەدی دەكرێت، گرنگە بـە هەڵسـەنگاندنی واقیعیانە خوێندنەوە بـۆ ئەم بارودۆخـە بكرێت و لەگەڵ ئەوەی هەمـوو چاودێرێكی بارودۆخەكە ئەو راسـتیەی لەبەرچاوە كـە ئـەم حكومەتە بـێ كەموكوڕیی نییە و هەر پێكهاتەی حكومەتەكە وەك حكومەتێك كە زیاتر رەچاوی هاوبەشێكی نیشـتمانی بۆ هەموو لایەك كراوە نەك ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بكرێتە پێوەر بـۆ پێكهێنانی حكومەت، ئەمەش هۆكارێكی گرنگە كە ئاست و تواناكانی حكومەت بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگـوزاری و بونیادنانەوەی وڵات دوای چەندین شـەڕ سنووردار دەكات و ناكرێت بەو ئاسـتە ئومێد بەم حكومەتە دروست بكرێت كە دەتوانێت هەر لەگەڵ دەسـتبەكاربوونی تێكڕای كێشـەكانی عێراق بەكۆتایی بێت، بەڵام دیسان جۆرە گەشـبینییەكی بەحەزەر سەرهەڵدەدات بەوەی هەرچۆنێك پرۆسـەی سیاسیی و ئـەدای حكومەتی عێراق لە سـاڵی ٢٠١١ زۆر لە هاوكێشـەی سیاسـی و ئـەدای حكومەتـی راپەڕاندنی كاری رۆژانەی ٢٠١٠ باشـتر دەبێت، بۆ زیاتر هەڵسـەنگاندن و دەربڕینـی مەزندەكان بۆ سـاڵی ٢٠١١، بۆ ئـەم راپۆرتە راو بۆچوونـی چەندیـن سیاسـەتمەدار و چاودێرمان وەرگرتـووە كە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن:





## عامر حەسەن فەیاز بۆ گولان:


# ئەگەر حکومەتی عێراق نیوەی بەرنامەکەشی جێبەجێ بکات بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێت

پرۆفیسۆر عامر حەسەن فەیاز راگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی بەغداو شرۆڤەوان و چاودێری سیاسی سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ حکومەتی تازەی عێراق بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گولان خستەڕوو: (پێش هەموو شت ئەگەر لەمیانەی پەرلەمانەوە مەزندەکانمان گەلاڵە بکەین، ئەوا پێشبینییەکان بریتین لە نەبوونی وەزیفەیەکی گرنگ لە کارەکانی پەرلەمان، کە ئەویش کاری چاودێرییە. ئەگەر بێت و ئەم چاودێرییە نەبێت، ئەوە بارەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت. سەبارەت بە مەسەلەکەی تر، پێموایە بەرنامەی حکومەت کە گوایە پڕە لە خواست و ئومێد، لەو بڕوایەدانیم کە حکومەت بتوانێت ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات. ئەگەر بێت و لەماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا بتوانێت نیوەی ئەم بەرنامەیەش جێبەجێ بکات، ئەوە بە دەسکەوتێکی گەورە دەژمێردرێت. سەبارەت بە یاساکانیش، بەڕای من باری دەرکردنی یاسا کە بەشێوەیەکی دەستووری بڕیاری لەسەردراوە، زیاتر ئەوانەی کە بە یاسا سەرەکییەکان پۆلێنکراوە مەبەستمانە، لەهەمووشیان گرنگتر یاسای حزبە سیاسییەکان و یاسای هەڵبژاردنەکان، هەڵبەتە پێشبینیی ئەوە ناکرێت کە یاسای حزبە سیاسییەکان دەربکرێت، بەتایبەتی لەبەرئەوەی بەرنامەی حکومی تەنانەت بەشێوەیەکی سادەش ئاماژەی نەداوە بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی حزبی لە عێراق لەڕێگەی دەرکردنی یاسایەك بۆ حزبە سیاسییەکان. ئەمە لەلایەنە سلبییەکانە، بەڵام هەندێك لایەنی پۆزەتیفیش هەیە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، وەکو لایەنی خزمەتگوزارییەکان و هەروەها دۆسیەی ئەمنی. سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرالی بەغدان، بەڕای من دەکرێ تێگەیشتن و تەوافوق بێتە کایەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی قەیرانە سەختەکە تێپەڕی، مەبەستم لەبارەی پێکهێنانی حکومەتە، کە بەڕێز «مسعود بارزانی» لەم رووەوە رۆڵێکی گەورەی هەبوو. هەربۆیە، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی هەبوو لە رزگارکردنی عێراق لەو قەیرانە، قەیرانی سستی لە پێکهێنانی حکومەت،

**پاپەندبوون بە دەستوور و پیادەکردنی کۆنتێکستە دەستوورییەکان بەسە لەپێناو بەرژەوەندیی هەموو لایەنە عێراقییەکان**

هەربۆیە پێموایە دەتوانێت ئەو ئاستەنگە ببەزێنێت لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی لەبەغدا، سەبارەت بە کێشەی کەرکوك هیچ کێشەیەکی دەستووریمان نییە، لەبەرئەوەی ماددەی ١٤٠ چەند میکانیزمێکی دەستنیشانکردووە. پێموایە پاپەندبوون و پاراستن چەند بەهێزتربێت بە دەستوور و لەگەڵ پیادەکردنی کۆنتێکستەکانی، بەڕای من ئەم پرسە لە کێشەیەك دەگۆڕێت و چارەسەردەکرێت. هەربۆیە، بەڕای من پاپەندبوون بە دەستوور و پیادەکردنی کۆنتێکستە دەستوورییەکان بەسە لەپێناو بەرژەوەندیی هەموو لایەنە عێراقییەکان، تەنانەت بۆ کوردەکان یان لایەنەکانی تر. ئەویش بەو مەرجەی دەستوور جێبەجێ بکرێت و نواندنی رێز هەبێت بەرامبەر پێشنیارەکانی دەستوور لەم بارەیەوە)).

قسەکانی پرۆفیسۆر عامر لەگەڵ ئەوەی لایەنە رەشبینیەکانی پێش لایەنە سلبییەکان خستەڕوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاماژەی بەوەشکرد کە ئومێدی ئەوەش هەیە کە بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر هەنگاو هەڵبگرێت بەتایبەتی کە ئاماژەی بەوەکرد ئومێدیك بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئارادایە.





**ڕەشید عەزاوی نوێنەری حزبی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# دوای دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی، ڕای گشتی عێراق گۆڕاوە و هەرێمی کوردستان وەک صەمامی ئەمان لە عێراقدا سەیردەکەن

ڕەشید عەزاوی یەکێکە لە سەرکردەکانی حزبی ئیسلامی عێراق و پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیەیە سەبارەت بە مەزندە و بۆچوونەکانی بۆ ساڵی ٢٠١١ و سەرکەوتنی حکومەتی عێراق لەبەرنامەکانیدا، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆری ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (دوای ئەو دەستپێشخەرییەی بەڕێز مسعود بارزانی و هەوڵە جدییەکانی بۆ لێك نزیککردنەوەی لایەنە پێك ناکۆکەکانی عێراق و سەرکەوتنی دەستپێشخەریەکە، من وای دەبینم، لە ساڵی ٢٠١١ پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی عێراق باشتر دەبێت، بەتایبەتی تێڕوانینی ڕای گشتی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بۆیە دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم، ئێستا کورد وەك صەمامی ئەمان بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق سەیر دەکرێت، زۆربەی سیاسەتمەداران و بگرە لای هاووڵاتی ئاسایی عێراقیش هەمان بۆچوونی منیان هەیە و بۆچوونی پێشتریان دەربارەی هەرێم گۆڕاوە، ئێمە چاوەڕێی زیاتری لێدەکەین، ئەوەی ئێمە لە کوردستان ئومێدی بۆ دەخوازین ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان دیموکراسیەت بە تەواوی بێتە دی بۆ ئەوەی ببێت بە نموونەیەك بۆ سەرتاسەری عێراق، ئەمەش خاڵێکی زۆر ئیجابییە لە بونیادنانی عێراق لە داهاتوودا. سەبارەت بە ئەدای حکومەتیش بۆ ساڵی ٢٠١١، ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، دەبینین کۆمەڵێك خاڵی پۆزەتیف کۆبۆتەوە، وەك: (ساڵێکی نوێ و پەرلەمان و حکومەتێکی نوێ و ناردنە دەرەوە و نرخی نوێی نەوت) هەموویان کۆبوونەتەوە، ئەگەر ئەوانەی هاتوونەتە نێو حکومەتیشەوە و ئەو بەڵێنانەی داویانە بیهێننە دی، پەنا بە خوا سەردەکەوین، چونکە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە سەربکەوین. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوانەی ئێستا ئەرکەکەیان لەسەر شانە تەنیا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەبەرچاو بگرن، ئەوا سەرکەوتوو نابین. ئێمە خاوەن توانایەکی زۆرترین لەو وڵاتانەی کە سەرکەوتوون بەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەر، ئەگەر بە دڵسۆزییەو کار بکەین زۆر گەشبینم لەمساڵ و لە چوار ساڵی داهاتوودا زۆر سەرکەوتووتر دەبین. ئەوجا ئەگەر لێرەوە باس لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران بکەین، پێویستە باس لەوە بکەین کە دەستوور وەك خۆیەتی نەگۆڕاوە، واتە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و پەرلەمان لە دەستووردا دیاریکراون، کەواتە هەر یەکێك دەسەڵاتەکانی خۆی دەزانێت و مەسەلە کەمکردنەوە و زیادکردنی دەسەڵات نییە. ئەگەر لە بەراوردکاریمان لە حکومەتی پێشووشەوە سەیری حکومەتی تازە بکەین، ناتوانین حکومەتی پێشتر بە سەرنەکەوتوو لە قەڵەم بدەین، چونکە بارودۆخەکەی جیاوازتر بوو لە بارودۆخی ئێستا، بارودۆخێکی سەخت بوو، ئاسایش لەبار نەبوو و زۆر لە ناوچەکانی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکاندا بوو، بۆیە حکومەتی ڕابردوو زۆر بیری لە سەقامگیری و ئاسایش دەکردەوە و توانیشی زۆربەی ئەو ناوچانە لە دەست تیرۆریستان دەربهێنێت کە پێشتر گرووپە تیرۆریستیەکان کردبوویانە مۆڵگەی خۆیان، سەبارەت بە داخوازییەکانی هاووڵاتیانیش پێموایە ئاسایش و سەقامگیریش لە داخوازیە هەرە سەرەکییەکانی هاووڵاتیانن، ئێستا دوای ئەوەی ئاسایش بەرقەرار بوو، هاووڵاتی بیر لە شتی دیکە دەکاتەوە، وەك: ئاوەدانکردنە و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان، کە ئەمەش مافی خۆیەتی)).

**حکومەتی ڕابردوو زۆر بیری لە سەقامگیری و ئاسایش دەکردەوە و توانیشی زۆربەی ئەو ناوچانە لە دەست تیرۆریستان دەربهێنێت کە پێشتر گرووپە تیرۆریستیەکان کردبوویانە مۆڵگەی خۆیان**





**د.حەسەن کامل چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسیی بۆ گوڵان:**

# تەنیا بە جێبەجێکردنی دەستوور گەشبینی دروست دەبێت با رێز لە دەستوور بگرین لەبەر ئەوەی مەدەنییەت لە رێزگرتنی یاساو دەستوورەوە دروست دەبێت

د.حەسەن کامل چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسیی عێراقی سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ بارودۆخی عێراق لەساڵی ٢٠١١ لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (مەسەلەیەك هەیە پێویستە بایەخی پێبدرێت، عێراق وەك حاڵەتێك لە ٢٠٠٣ تا ساتەوەختەکانی کۆتایی هاتن بە کاروباری حکومەتی پێشوو، وێڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بۆ حکومەتی مالیکی دروست بوون، ئەو حکومەتە لەرووی هونەرییەوە بنەماکانی خۆی پێ چەسپاند، بەڵام نەیتوانی بە وردەکاریی کارەکانی خۆی هەستێت، چونکە حکومەتی حزبەکان بووە، واتا هەر وەزیرێك سەرچاوەی بڕیارەکانی لەو حزبەوە وەردەگرت کە پۆستەکەی بۆ مسۆگەرکردبوو، ماوەیەك لە ماوەکانیش لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە بڕیار بۆ وەزیرەکانی خۆیان دەردەکرا بێئەوەی پرس بە سەرۆك وەزیران بکەن یا حساب بۆ وەزیری بەرگری دابنێن، بڕیاری سەرۆکی فراکسیۆنەکە جێبەجێ دەکرا، کەواتە چۆن دەکرێت هەموو ئۆباڵەکە بخرێتە سەر شانی مالیکی، ئەمە واقیعەکەیە نەك بەرگری و پاکانەکردن لە کەموکورتییەکانی مالیکی، بۆیە ئومێد دەکەم حکومەتی نوێ عێراقیانە بێت و وەفای بۆ بەرنامەکانی حکومەتەکە هەبێت نەك بۆ ئاراستە و بەرنامەی حزبەکان، راشکاوانەتر دەسەڵاتەکانی وەزیرەکان لەناو کابینەی حکومەتیدا بێنە دەرەوە نەك لە ناو بارەگای حزبەکانەوە، تا چیتر ناکۆکی و دابڕان و گومان لەنێوان کابینەکاندا دروست نەبێتەوە، پێویستە دووربینترو فراوانتر لە پرۆسەی حوکمڕانی بڕوانرێت، ئەگینا کارەکانی وەزارەتەکان پەکیان دەکەوێت، بەڵام وێڕای کۆسپ و بەربەستەکانی کە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتدا رێگر بوون، پێویستە گەشبین بین بەو ئەدا سیاسییەی کە لە دواجاردا ئەنجامەکەی بە روونی کەوتە پێش دیدەنیمان، چەند خاڵێکی پۆزەتیڤ هەن لە پێشمان وەك ئەکتیڤکردنی رۆڵی چاودێریکردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، جێبەجێکردنی ئەم خاڵە دەبێتە هۆی نیشاندانی رێگەیەکی دروست بۆ بەرجەستەکردنی ئەدای دەسەڵاتی جێبەجێکار و دۆسیەی گەندەڵیش کە تا ئاستێکی کارەسات ئامێز وڵاتی خنکاندووە دەخرێتە بەر مێزی لێپرسینەوە، لەم دواییەدا ئەندامێك لە دەستەی نەزاهەوە ئەوەی لەلا درکاندم کە لە ٪٩٠ی پارەی تەرخانکراو بۆ پەرەپێدان بەهۆی گەندەڵییەوە دیار نامێنێت، بۆیە کارەکانی پەرەپێدانی وڵات بەو لە٪١٠ی کە دەمێنێتەوە خاووخلیچکانە بەرێوە دەچن، ئەگەر پەرلەمان نەبێتە چەتر بۆ گەندەڵکاران، ئەوا ئاراستەی مەسەلەکان روو لە باشی دەکەن، پێویستە وەزارەتە تازەکانی حکومەتی دووەمی مالیکیش ئەو بەرنامە پەکخراوەی پێشوو بگۆڕن بە بەرنامەی نوێ، بەر لە

**پێویستە ئێمە دەستوور بە یاسای سەرجەم یاساکان دابنێین، هەر بڕیاروبەڵێن و رێککەوتن و هاوپەیمانییەتییەك گەر بە پێچەوانەی دەستوورەوە بن،باشترە بە دیواردا بدرێن**

هەر شتێکیش ئارامی و ئاسایش لە مەسەلە گرنگەکانە تا بەهۆیەوە دینگەکانی ئابووری عێراق پتەو بکرێن. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر با رێزلە دەستوور بگیرێت، چونکە مەدەنییەت لە رێزگرتنی یاساو دەستوورەوە دروست دەبێت، رۆژنامەنووسێکی بەتەمەنی ناسراوی ئەمریکا جارێکیان لە بۆنەیەکدا لێمانی پرسی سەرچاوەی هێزی لەبن نەهاتووی ئەمریکا لەچییەوە هاتووە؟ رۆژنامەنووسەکانی ئێمە هەر یەکەو شتێکیان باس دەکرد، یەکێك وتی پارە و سامان، ئەوی تر وتی سیاسەت، یەکێك دیکە وتی هێزی سەربازی، بەڵام ئەمریکیەکە لە گیرفانیدا کتێبۆکەیەکی بچکۆلانەی دەرهێنا و دەستوور وتی ئەمەیە سەرچاوەی هێزی وڵاتەکەم،ناسنامەیە بۆ هەموومان، کەواتە بۆ ئێمەش پێویستە دەستوور هەموو شتێك بێت و هەمووان لەسەر دەستوور هاوڕاو هاو بۆچوون بین و ماددەکانی تایبەتن بە مافی هەموو ئەندامانی گەلی عێراق، پێویستە لەو روانینەوە رێز لە دەستوور بگرین، رەنگە هەندێ بەندی لەگەڵ عەرەبی شیعە یان سوننە یان لەگەڵ بەرژەوەندی کورد نەگونجێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێویستە بکرێتە بەرنامە بۆ هەمووان، تا سامان و ماف و ئەرکەکان دیاری بکات و هەموو کەسێك سنووری خۆی بزانێت و ناسنامەی هاووڵاتیبوون دابڕێژرێتەوەو یاسا سەروەری هەمووان بکات و کەس لە یاسا بڵندتر نەبێت.

ئێستا پێویستە ئێمە دەستوور بە یاسای سەرجەم یاساکان دابنێین، هەر بڕیاروبەڵێن و رێککەوتن و هاوپەیمانییەتییەك گەر بە پێچەوانەی دەستوورەوە بن،باشترە بە دیواردا بدرێن، بۆ ئەوەی دەستوور حاکم بێ و لەو دەسەڵاتە یاساییەی هەیەتی کەم نەکرێتەوە، پێویستە شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانداران و فەرمان وەرگران دیاری بکات و سنووری نێوان دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیابکاتەوە، عێراق کەشتییەکی گەورەیە کە هەموومان سەرنشینین بە سەرییەوە، گەر لایەکمان داواکارییەکی سیاسیمان بۆ وەدینەیەت، ئیتر ئەمە کۆتایی دنیا نایێت و رێگەچارەکان زۆرن، وەك ئێوەش باش دەزانن سیاسەت هونەری مومکیناتە، لەوانەیە ئەمڕۆ دەسکەوتێك کە بە مافی تەواوی خۆتی دەزانییت بۆت نەیەتە دی، رەنگە سبەینێ یان لە کاتێکی گونجاوتردا بە ئاسانی بە دەستەوە بێن، روانینێکی تەمومژانە لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بۆیە پێویستە سەرەتا ئاوی رووبارەکە روون بێتەوە و لەو لێڵبوونەی ئێستا دەربیکەین، لەبەر ئەوەی لەبەردەم تەحەددیاتی چارەنووسسازداین، پێکهێنانی حکومەت کۆتایی رێگە نییە، بەڵکو سەرەتای رێگەیە.


**یونادم یوسف کەنا پەرلەمانتاری عێراق بۆ گوڵان:**

# گەشبینم بەوەی ساڵی 2011 بەرەو باشتر بچین بەڵام بەمەرجێ حکومەتی عێراق بەڵێنەکانی داویەتی جێبەجێیان بکات



یونادم یوسف کەنا پەرلەمانتاری عێراق وەك نوێنەری ئاشووری سەبارەت بە کارەکانی حکومەت لەساڵی داهاتوودا، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان راوبۆچوونی خۆی بەمجۆرە دەربڕی و وتی: ((دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە ساڵی ٢٠١٠ کەلێنێکی گەورە بوو لەسەر دۆسیەی ئەمنی، هەروەها بەرژەوەندی و ئەجێندای دەرەکیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بارودۆخی عێراق هەبوو و توانییان ئەنجێنداکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و هەڕەشەی سیاسیش لەسەر عێراق دروست بکەن، بەڵام دوای رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەت هیوادارم ئەم کەلێنانە نەمێنن و ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت و بارودۆخێکی ئیجابی تر بێتە ئاراوە نەك تەنیا بۆ مەسیحییەکان، چونکە ئێمە ١٤ تائیفەین، واتە بارودۆخەکە گونجاوتر دەبێت بۆ مەسیحی و سابیئەی مەندائی و ئێزدییەکانیش لە هەمان کاتدا. بۆیە لێرەوە دەتوانم بڵێم دوای ئەوەی حکومەت پێکهات، بەشێوەیەکی گشتی بەرەو ئاراستەیەکی ئیجابی هەنگاو دەنێین، لەم راستەوە دەتوانم بڵێم گەشبینم، بەڵام ئەمە بەندە بە پابەندبوونی کاربەدەستانی حکومەت بەو بەڵێنانەی لە بەرنامەی حکومەتدا داویانە و ئەو پرەنسیپانەی لە وتاری د.مالیکیدا خراونەتەروو، ئەمە مەرجێکی سەرەکییە، لایەنێکی دیکە پێویستە یەکگرتوو بین بەرامبەر بە دەستێوەردانی دەرەکی و یەك هەڵوێستی هاوبەشمان هەبێت بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەر لایەنێکی دەرەکی، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر هەماهەنگی هەبێت بێگومان ساڵی ٢٠١١ ساڵی وەرچەرخانێکی گەورە دەبێت لە ژیانی سیاسی عێراقیدا، سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالیش، بێگومان داواکانی هەرێمی کوردستان دەستوورین و رێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار بەدەستان و ئەو بەڵێنانەی کە داویانە، پەنا بە خوا بەڵێنەکانیان دەهێننە دی. ئەو داواکارییانەی لە وتاری سەرۆك وەزیراندا هاتبوون، داواکاری دەستووری بوون و هەموو لایەك پێی رازی بوون و ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی راستەقینە هەبووایە، ئەوا ئەم داواکارییانە سرووشتی و دەستوورین و پێویستە هەموو لایەکمان هەوڵی هێنانەدییان بدەین و هیواداریین هەموو لایەنەکان پابەند بن بەوەی پێشتر بەڵێنیان دابوو، لایەنێکی دیکە کە جێگەی رەخنە لێگرتنە مەسەلەی دیاریکردنی پۆستەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆیە کە دەدرێنە کەسانی بێلایەن، بەڵام بەداخەوە دەیڵێم ئەوانەی پاڵێوراون بۆ ئەم پۆستانە هیچیان بێلایەن نین و لە حزبە دەسەڵاتدارەکانن، ئەمەش کارێکی راست و دروست نییە، دەبێ کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو و بێلایەن لە پۆستە گرنگەکاندا دابنرێن بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسی هاووڵاتی بوون مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن نەك لەسەر ئەساسی لایەن یان تائیفە)).

> **دەبێ کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو و بێلایەن لە پۆستە گرنگەکاندا دابنرێن بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسی هاووڵاتی بوون مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن نەك لەسەر ئەساسی لایەن یان تائیفە**





غالب زنجیلی چاودێری سیاسیی عێراقی بۆ گوڵان:

# پاشەڕۆژمان روون نییە، بەڵکو تەماوییە و ئەم واقیعەی ئێستای عێراق پێمان دەڵێت لەم حکومەتەدا هاووڵاتی دوایین شتە کە دەسەڵاتدارانی ئێستا بیری لێ بکەنەوە

غالب زنجیلی رۆژنامەنووس و چاودێری سیاسیی عێراقی سەبارەت بە تێڕوانیەکانی وەك چاودێرێك و رۆژنامەنووسێك بۆ ساڵی ٢٠١١ و پێشبینییەکانی بۆ ئەدای حکومەت لەو ساڵەدا لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی لە ساڵی رابردوو بینیمان و ئەو کێشە و ناکۆکیە زۆرانەی لە ماوەی هەشت مانگی رابردوودا هاتنە ئاراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بە بڕوای من نە مایەی ئەوەیە متمانەیەکی زۆرمان پێ هەبێت و نە هیوایەکی زۆریشمان پێی هەبێت بەوەی بتوانێت گشت داخوازییەکانی گەلی عێراق بهێنێتە دی لە داهاتوودا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بارودۆخی داهاتووش هەر بەوجۆرە دەبێت، کێشەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، راستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حەزی لەوەیە دەسەڵاتی هەبێت، بەڵام ئیرادەی خۆی بەدەست خۆی نییە، ئەمریکییەکان دەسەڵاتەکانیان بەشێوەیەك دابەش کردووە کە هیچ کەسێك بەهێز نەبێت، بێگومان ئەمەش لایەنی باش و خراپی هەیە، خراپییەکەی ئەوەیە حکومەت ئیفلیج دەبێت، باشیەکەشی ئەوەیە کە مالیکی نەتوانێت وەك چوار ساڵی رابردوو گشت دەسەڵاتەکانی بەدەست بێت، بەهەرحاڵ پاشەڕۆژمان روون نییە، بەڵکو تەماوییە. گرفتی دووەمیش ئەوەیە کە تواناکان کەمن لەم حکومەتەدا، بەتایبەتی وەزارەتە خزمەتگوزاریەکان لێهاتوو نین وەك ئاوەدانکردنەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا وەزارەتی پلاندانان یەکێك بەڕێوەی دەبات کە پسپۆریی خۆی بەیتەرییەیە، بەهەمان شێوە وەزیری دارایی پسپۆریەکەی پزیشکی نەشتەرگەرییە ئەمەش کەموکوڕییە. هەربۆیە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت لەم حکومەتەدا هاووڵاتی دوایین شتە کە دەسەڵاتدارانی ئێستا بیری لێ بکەنەوە دەسەڵاتەکانیش وەك پێشتر بە دەست سەرۆك وەزیرانەوە نەماوە، بۆیە بەڕای من ئەمە حکومەتی ململانێیەکانە و باوەڕ ناکەم تەمەنی لە شەش مانگ زیاتر بێت و ئەگەر گەشبینیش بم پێموانییە ساڵێك زیاتر بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەش ئەم قسەیە ناکەم کە بەم حکومەتە رازی نیم، بەڵام پێشەکییەکان ئەنجامەکانمان بۆ روون دەکەن و دەیخەنە روو و ئەوەی تا ئێستا دەیبینین ئاماژەی ئیجابی نین. بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێم خۆزگە حکومەتی مەرکەزی لەرووی گەشەپێدانەوە سوودی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەردەگرت)).

**خۆزگە حکومەتی مەرکەزی لەرووی گەشەپێدانەوە سوودی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەردەگرت**





## فالح فەیاز پەرلەمانتاری تەیاری ئیسلاح بۆ گوڵان:

# لەگەڵ هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر 25 خاڵ ڕێککەوتین کە 19 خاڵەکەشی لە خۆی گرتووە، هەردوولامان نیەتی باشمان بەرامبەر یەکتری هەیە

فالح فەیاز پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی تەیاری ئیسلاح، بارودۆخی عێراق لەساڵی ٢٠١١ بە گەشەبینی سەیر دەکات و ئومێدی ئەوە دەخوازێت ساڵی ٢٠١١ ساڵی بونیادی دیموکراتی بێت لەعێراقدا، سەبارەت بەم پرسە و مەزندەکانی بۆ ساڵی داهاتوو، فالح فەیاز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (هیواخوازین ساڵی نوێ ساڵی چەسپاندنی سیستمی دیموکراتی و هێنانەدی هیوا و ئاواتەکانی گەلی عێراق و لەناوبردنی هەموو هۆکارەکانی دووبەرەکی و فیتنە بێت، لەرووی واقیعیشەوە پێشبینی دەکەم ئەمساڵ سەرەتای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری راستەقینە بێت بە هاووڵاتیان، چونکە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دووچاری گرفت و ئاستەنگی زۆر هاتەوە بەهۆی کردەوە تیرۆریستییەکان و هۆکاری گەندەڵی دارایی و ئیداریی و فاکتەرەکانی دووبەرەکی، هەروەها ئەمساڵ ساڵی کشانەوەی هێزە سەربازییە بیانییەکان دەبێت لە عێراق و شادبوونی عێراق بە سەروەری راستەقینە و پشت بەستن بە رۆڵەکانی خۆی بۆ پاراستنی وڵات و هێنانەدی سەقامگیری و ئاسایش، لەلایەکی دیکەوە تەجروبەی یەکەمە لە پرۆسەی شەراکەتی نیشتیمانی راستەقینە بەجۆرێك کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بەشداری لە حکومەتدا بکەن و ئەگەر لەم تەجروبەیەدا سەرکەوتوو بین، پێموایە عێراق قۆناغێکی زۆر دەبڕێت لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی و لەناوبردنی دوژمنەکانی، لە هەمان کاتدا بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز و هێنانەدی ئاشتی و دیموکراسی و پێشبینی دەکەم لە بواری وبەرهێنانیش عێراق هەنگاوی زیاتر دەچێتە پێشەوە زیاتر لە حکومەتی پێشوو. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر باسی دەسەڵاتە دەستوورییەکان بکەین کە هەندێك پێیانوایە دەبێتە ئاستەنگ بۆ حکومەتی داهاتوو، ئەوا حکومەتی ئێستاش هەمان دەسەڵاتی حکومەتی پێشتری هەیە، بەڵام ئێمە باسی شتێکی واقیعی دەکەین، پێموایە حکومەتی پێشتر کەسانی بەتوانای زۆرتری تێدا هەبوو و توانییان کاری زۆر گرنگ ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لەبواری ئەمنی. ئەوەی راستی بێت وەرچەرخانێکی زۆر باش لە رووی ئەمنییەوە روویدا لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی پێشوو و تا کۆتایی هاتنی کارەکانی، ئەمەش لە گشت بوارەکانی دیکەدا رەنگی دابۆوە، بەڵام گیروگرفتی سیاسی هەبوو، پێموایە ئەگەر ئەم حکومەتە بتوانێت ئەم گرفتە سیاسییانە تێپەڕێنێت و چارەسەریان بکات، ئەوا بە ئیجابی رەنگ دەداتەوە لەسەر کارەکانی حکومەت بێ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی دیکە، پێموایە لانەدان لە دەسەڵاتەکان خزمەتی دەستووری عێراق و پرۆسەی سیاسی دەکات، راستە لەوانەیە هەندێك دەسەڵات ئیستیسنائی وەك


**برایانمان لە ئەلعێراقییە سوورن لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی بەرگری، بەڵام ئێمە لە سەرەتا وا ڕێککەوتووین کە ئەم وەزارەتانە بە ڕەزامەندی هەموو لایەك دەبێ یەکلا بکرێنەوە**

خۆی نەماوە، بەڵام ئەگەر پرۆژەی پێکەوە ژیانی سیاسی سەرکەوتوو بوو و شەریکەکان جددی و راستگۆ بن لە بەشداریکردنیان لە حکومەتدا، ژینگەی سیاسی یارمەتیدە ر دەبێت و ئەو وەزارەتانەی خاڵی لاوازیشیان هەبێت ئەم خاڵانە ناهێڵرێن، ئەگەر لە حکومەتی داهاتوودا هەبن. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە دەروازەیەك بۆ کێشەکانی نێوان هەریم و ناوەند کراوەتەوە، من لە وەفدی دانوستکار بووم لەگەڵ برایان لە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و لەسەر ٢٥ خاڵ ڕێککەوتین بەو ١٩ خاڵەشەوە کە کوردەکان باسیان دەکرد، ئەگەر پابەند بین بەو ٢٥ خاڵەوە، ئەوا دەبێتە بنکەیەکی بەهێز و پتەو بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان، ئەم خاڵانە گشت پرسە هەستیارەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی تێدا باس کراوە و دیدو بۆچوونی هەردوولا هاوشێوە و لێك نزیك بوو لە زۆربەی مەسەلەکان تەنانەت لە مەسەلە زۆر هەستیارەکانیشدا جیاوازییەکی زۆر نەبوو، هەروەها هەستم بەوە کرد کە نیازپاکی لەنێوان هەردوو لا هەیە و هەردووکیان هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن بەرامبەر بە چارەنووسی وڵات و هیچ لایەکیان ئامادە نییە دەستبەرداری لایەنەکەی تر بێت، بەڕای من ماوەی هەشت مانگی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت زۆر بەفری تواندەوە کە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی هەبوون و بنکەیەکی دانا بۆ پێکەوە ژیان بەپێی دەستوور)).

فەیاز لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان و سەبارەت بەوەی بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری پێشنیارکراوە ببێتە سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانی (ئیتلافی شیعە و دەوڵەتی یاسا) لە پەرلەمانی عێراقدا، بەمجۆرە وەڵامی داینەوەو وتی: (ئەوە یەکەم کۆبوونەوە بوو بۆ ئەوەی هاوپەیمانی نیشتیمانی سەرۆك و هەیکەلیەتی خۆی دیاری بکات و بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری لەو کۆبوونەوە وەك سەرۆکی هاوپەیمانی هەڵبژێردرا و لە رۆژانی داهاتوودا هەیکەلیەتی خۆی بە تەواوی دیاری دەکات و بڕیارێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم هاوپەیمانییەتە ببێتە دەزگایەك کە پاڵپشتی حکومەت و کاری هاوبەش بکات، سەبارەت بە وەزارەتە ئەمنییەکان ئێستا زۆر پاڵێوراون، هاوپەیمانی نیشتمانی دەسەڵاتی بە سەرۆك وەزیران داوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ کوتلە سیاسییەکاندا بکات لە هەرێمی کوردستان و لیستی ئەلعێراقییە بۆ دیاریکردنی جۆرێك لە تەوافوق لەم پۆستانەدا سەرۆك وەزیران رازی نییە بە دیاریکردنی هیچ وەزارەتێك بۆ لیستێکی دیاریکراو، برایانمان لە ئەلعێراقییە سوورن لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی بەرگری، بەڵام ئێمە لە سەرەتا وا ڕێککەوتووین کە ئەم وەزارەتانە بە رەزامەندی هەموو لایەك دەبێ یەکلا بکرێنەوە)).

# حەسەن شارنی و پێشبینییەکانی

ساڵی پار فەلەکناسی بەرچەڵەك تونسی حەسەن شارنی چەردەیەك پێشبینیی بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کردەوەو ریکلامێکی زۆری بۆ کرد. شارنی ناوبانگێکی لەسەر ئاستی جیهان بۆ خۆی پەیدا کردووە. مەکینەی ریکلامەکەی هەمیشە ئەوە بەبیر دێنێتەوە کەشارنی خاوەنی ئەو پێشبینییانەیە کەهاتوونەتە دی. سایتی بەحزانی نت کە لەکۆتایی ٢٠٠٩دا ریکلامی بۆ پێشبینییەکانی ساڵی داهاتووی شارنی کرد، وای ناساند کەئەم پیاوە «ئەوەندە ناسراوە پێویستی بەناساندن نییە»و لەم رووەوە ئاماژەی بەپێشنییە کۆنەکانی کرد وەك پێشبینیی کۆچی دوایی هەر یەك لەشازادە دایاناو یاسر عەرەفات و مایکل جاکسۆن و تیرۆرکردنی ئیزاك رابین و لافاوی تسۆنامی و رووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق و ئیفلیجبوونی ئاریێل شارون و هی تر.



فەرید ئەسەسەرد

لەم سەروبەندەدا شارنی نزیکەی پەنجا پێشبینیی بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کردەوە کەزۆربەی هەرە زۆری نەهاتە دی و رێژەیەکی زۆر کەمی هاتە دی. شارنی پێشنینیی کردبوو ساڵی ٢٠١٠ مردنی چەند کەسێکی دیار و بەناوبانگ لەخۆ دەگرێ وەك مەحمود عەباس و مەلیك عەبدوڵڵاو حوسنی موبارەك. بۆ یەکەمیان وتبووی عەباس لەرووی سیاسییەوە شکست دێنێ و ماوەیەکی کەم پاش شکستە سیاسییەکەی، کۆچی دوایی دەکا. بۆ دووەمیان ناوی نەهێنابوو، بەڵام وا ئاماژەی بۆ کردبوو کەکەسێکە لەریزی پێشەوەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای عەرەبستانی سعودیە. سەرەڕای ناو نەهێنانەکەشی، ساڵی پار نە مەلیك عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کرد نە کەسێکی دیاری بنەماڵەکە، ئەگەرچی مەلیك عەبدوڵڵا نەخۆش بوو و پێش ئەویش کەسێکی دیاری بنەماڵە خرایە ژێر چاودێریی وردی پزیشکەکانەوە. بۆ سێیەمیان پێشبینییەکەی بەئەندازەی پێویست رۆشن نەبوو، بەڵام زۆربەی ئاماژەکان بۆ موبارەك دەچن و بەگوتەی شارنی تەندروستیی سەرکردەیەکی عەرەب تێکدەچێ و حوکمڕانی بۆ کوڕەکەی بەجێ دێڵێ، ئاماژەیەك کەزۆرتر میسر دەگرێتەوەو بەناوەڕۆك مانای مردن یان وازهێنانی موبارەك و هاتنە سەر کاری جەمالی کوڕی دەگەیەنێ.

پێشبینییەکانی شارنی سەبارەت بەعێراقیش هەڵە دەرچوون، چونکە ئەو پێشبینیی کردبوو کەسەرکردەیەکی پایە بەرزی عێراق تیرۆر دەکرێ و دوا بەدوای ئەمە شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ.

پێشبینییەکانیشی سەبارەت بەپەرەسەندنی تیرۆر راست دەرنەچوون، چونکە ئەوروپا لەساڵی ٢٠١٠ هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستیی لەناو شەمەندەفەردا، وەك شارنی وتبوی، بەخۆوە نەدی و زەبروزەنگ نە لەهەرێمی باسك لەئیسپانیاو نە لەئێرلاندای باکوور نە لەکۆرسیکا لەفەرەنسا سەری هەڵنەدا. شارنی لەپێشبینییە ناسیاسییەکانیش هەڵەی کرد. ساڵی پار نە لەمەغریب هونەرمەندێکی گەورە کەناوی نەهێناوە کۆچی دوایی کردو نە لەفەرەنسا گۆرانیبێژی بەناوبانگ جۆن هالیدای مرد. بەپێچەوانەوە، ساڵی پار سێ بیرمەندی عەرەب کۆچی دواییان کرد کەشارنی هیچ پێشبینییەکی بۆ مردنیان نەکردبوو، ئەوانیش ئەمانەن: لەتونس محەمەد ئارکۆن، لەمەغریب محەمە عابد جابری و لەمیسر نەسر حامد ئەبوزێد. سەربار، شارنی لەپێشبینییەکانیدا هیچ ئاماژەی بۆ هەندێ رووداوی گرنگ لەجیهاندا نەکردووە وەك رێککەوتننامەی ساڵت لەنێوان ئەمریکاو روسیا، تێکچوونی باری ئاسایش لەیەمەن و گرژیی نێوان هەردو کۆریاو ئاگرکەوتنە گەورەکەی ئیسرائیل.

هەموو ئەوەش کەشارنی سەبارەت بەئوردن و ئیسرائیل وتی، چروك دەرچوو، چونکە نە ئوردون پاشاگەردانیی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوی بەخۆوە بینی، وەك شارنی پێشبینیی کردبوو، نە مردنی شارۆنیش لەئیسرائیل بەشێوەیەکی فەرمی راگەیەنراو نە سەربازە بارمتە ئیسرائیلییەکەی بەر دەستی حەماسیش رادەستی ئیسرائیل کرا.

بەڵام شارنی پێشنبینیی راستیشی هەبوو وەك دەست نەوەشاندن لەکورە ئەتۆمییەکەی ئێران و پەرەسەندنی بێکاری لەمەغریب و سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆسی ئەنفلوەنزای بەراز لەجیهاندا.

پێشبینییەکانی شارنی پێوەندییان بەئەستێرەکانەوە نییەو هەر لێکۆڵیارێك بەپێی زانیاری و داتاکانی بەر دەستی دەتوانێ پێشکەشیان بکا. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەئەگەر ١٪ی پێشبینییەکانی شارنی راست دەرچن کەدیارە لەمەشدا رێکەوت رۆڵی دیاری هەیە، مەکینەی شارنی ٩٩ پێشبینییە چەوتەکە دەخاتە لاوەو ریکلام بۆ ئەو تاقە پێشبینییە دەکا کەراست دەرچووە.

# ڕاگەیاندنی کوردی لە نێوان ئاڕاستەکردن و ئاڕاستەکراویدا

ڕاگەیاندنێك کە لە ئێستای کوردستاندا بتوانین سیما و خەسڵەتەکانی بناسینەوە و پێناسەی بکەین، ڕاگەیاندنی حزبییە، کە بە یەکەمین قۆناغی دروستبوونی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا دائەنرێت. لەدوای ئەوەوە سەختە بتوانیت ئەو ڕاگەیاندنەی تر کە لە دوای ڕاگەیاندنی حزبییەوە هاتۆتە گۆڕێ بە دەقیقی وەسف بکەیت و خەسڵەتەکانی دەستنیشان بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا ڕاگەیاندنی ئازادە کە هەندێجار خۆیان بە ئەهلی پێناسەدەکەن، یان لیبراڵ، یاخود ڕاگەیاندنێکە بە واتا و تێگەیشتنە سەردەمییەکەی کە ڕۆڵی خۆی وەکو هەر دەزگایەکی تری خزمەتگوزار لەناو کۆمەڵگەدا ئەبینێت، لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنەی کە بەمدواییە ناوی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆنی لەخۆی ناوە.

یەکەمین ئاماژەکانی ناسینەوەی خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندنەکان بەمامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و تاوتوێکردنی هەواڵ و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیدا دەناسرێتەوە، کە دەبێت بەپێی پێوەر و بنەماکانی پرنسیپی ئازادی هیچ ڕۆژنامەنووسێك لەژێر کاریگەری هیچ ئایدیایەك مامەڵە لەگەڵ هەواڵدا نەکات وەکو یەکێك لە کایەکانی ڕاگەیاندن، چونکە نە ڕۆژنامەنووس و نە خودی ڕۆژنامە یان کەناڵەکە نابێت مەعنی بن بە ناوەڕۆك و ناواخنی ڕووداوەکەی کە لە هەواڵەکەدا هاتووە، بەقەدەر ئەوەندەی مەعنین بەوەی هەواڵێك وەکو خۆی و حەقیقەتەکە بەخامی بگەیەنن.

خوێندنەوەی یەك هەواڵ لە هەر یەك لەو ژمارە بێشومارە لە ڕۆژنامەکان لە کوردستاندا و بیستنی یەك هەواڵ لە هەریەك کەناڵە بیسراو و بینراوەکانەوە تێدەگەیت ئەو کەناڵە وەکو ڕاگەیاندن بە چ ئاڕاستەیەکدا ئیش دەکات. بەچەند وشەیەکی تر تێدەگەیت ئایا ئەو کەناڵە ئاڕاستەکراوە یان خۆی کۆمەڵگە ئاڕاستەدەکات. چونکە یەك لەهەرە گرنگترین وەزیفەکانی ئەوەیە لە توانایدا بێت ببێتە دامەزراوەیەکی هوشیارکەرەوە و ئاڕاستەکەری کۆمەڵگە، کە لەمە لایدا و ئاڕاستەکرا نابێتە ئازاد و لە توانایدا نابێت خزمەتی کۆمەڵگە بکات بە واتا پرۆفیشناڵەکەی.

بەپێچەوانەی بیردۆزە باوەکەی جارانەوە ئامادەگی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکارە ئازادەکان لەناو دەزگای ڕاگەیاندنی حزبەکاندا دەبووە مایەی دڵەڕاوکێ، ئێستا بەشبەحاڵی خۆم وەکو ڕۆژنامەنووسێك کە خۆم بە نا لایەنگیر و تەواو ئازاد دەزانم پێم لەنگ و عەیب نییە لەهەموو کەناڵە نووسراو و بینراو و بیسراوە حزبیە جیاجیاکاندا ئامادەگیم هەبێت، چونکە دەزانم بە چ ئاڕاستەیەك ئیش دەکەن و، کێیان لە پشتەوەیە، وەلێ زۆرجاران لەخۆم کەوتەمەتە گومانەوە کە لەیەکێك لە ڕۆژنامە ئەهلییەکاندا چالاکییەکم هەبووە و دواتر بینیومە چۆن و بۆ چ بەرژەوەندیەك ئاڕاستە ئەکرێ.

کێشەکە لەوەدایە ڕۆشنبیران بەگشتی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت هێشتا خۆیان یەکلانەکردۆتەوە ئایا ئازادن یان لایەنگری حزبێکن، ئەگەرچی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی حزبەکان لە ئێستادا ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە کە تیایدا بە بیردۆزە حزبییە نەریتییەکە مامەڵەیان لەگەڵ قەڵەمەکان دەکرد، بەدەر لەوەی ئایا ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە، چونکە ئەوە ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکەیە کە دەبێت لە کۆتاییدا خۆی یەکلایی بکاتەوە بڕیاربدات لەوەی ئایا وەکو حزبییەك ڕۆژنامەنووسە یان تەنیا ڕۆژنامەنووسە، ئەمە دوو شتی جیاوازە، هەرچەندە ناچێتە عەقڵمەوە حزبییە باشەکان بتوانن ڕۆژنامەنووسێکی باش بن و، ڕۆژنامەنووسە باشەکانیش لەدەستیان بێت عەقڵی حزبی تێکەڵ بە کاری ڕۆژنامەنووسی بکەن. هەڵبەتە بەم بیردۆزە ڕۆژنامەی حزبی پێی ناوترێ ئاڕاستەکراوە، چونکە خۆی پێناسەی خۆی کردووە، بەڵام گرفتەکە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەیە کە ئیددیعای ئازادی دەکەن و لە پشتەوە ئاڕاستەکراون، کە ئەمەش بە خوێندنەوەی یەك هەواڵ ئەم بیردۆزە پشتڕاست ئەبێتەوە.


ڤینۆس فایەق

لەم نێوەندەدا و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان لەگەڕاندابوون بەدوای ناسنامەیەکی ئازادانەی خۆیان، ڕۆژنامەی ئەهلی ئازاد هاتەکایەوە و دواتریش بووە بنەمایەك بۆ جۆرێك لە ڕۆژنامەگەری کە خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن ئەزانێت، ئەگەرچی لای من هەردوو وشەی ئەهلی و ئازادیش دەکەونە نێو دوو کەوانەی سوورەوە.

گرفتەکە لەوەدایە ئێستا تێگەیشتنێکی خراپ هەیە بۆ هەردوو ڕاگەیاندنی ئازاد و ئۆپۆزیسیۆن لەلایەك و ڕاگەیاندنی لیبرال و ئەهلی لەلایەکی دیکە، کە بێگومان ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆنیش بەهەمان پێوانەکانی ڕاگەیاندنی حزبی ڕاگەیاندنێکی ئاڕاستەکراوە و خزمەتی ئایدیۆلۆژیایەك دەکات، کە ئەمەش پێویستە هەبێت. بەڵام نەك ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن بە ئازاد پێناسە بکرێت، ئەمە خەلەلەکەیە، یان ڕاگەیاندنە بەناو ئازادەکان ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن ببینن کە ئەوە کاری ئەوان نییە.

فەیسەڵ جەلول، کە نووسەرێکی لوبنانیە دەڵێت: ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن ڕاگەیاندنی دەسەڵاتە لەناو ژووری چاوەڕوانیدا. ئەمە مانای ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵاتێکە بەڕێوەیە و ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ڕاگەیاندن ناتوانێت ئازاد بێت ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن یان حزبی بوو یان ڕاگەیاندنی دەسەڵات بوو، چونکە هیچیان بەهیچ پێوانەیەك ئازاد نین، بەڵکو ئاڕاستەکراون و سنووری ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بۆ ئەوان زۆر تەسکە.

لە نێوان ئەم دووانەشدا ڕاگەیاندنەکان کە بەخۆیان دەڵێن ئەهلی و ئازاد ئەوانەن کە لەگەڵ ئاڕاستەی با و بەرژەوەندی ئاڕاستەی هەواڵەکانیان دەگۆڕن و ئەمەشیان لە دوانەکەی تر زیاتر تووشی دڵەڕاوکێم دەکات.

## باشوری سودان لەساتی مێژووی خۆیدا

# جۆبا.. خۆی بۆ زەماوەندی بڕیاردانی چارەنووس ئامادە دەكات





((ئەگەر هاووڵاتیانی باشووری سودان لە ریفراندۆمەکە دەنگیان بۆ جیابوونەوەدا، من یەکەم کەس دەبم پیرۆزباییان لێبکەم))

**عومەر بەشیر**



((دابەشکردنی سودان دەستی هەندێك دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەمریکای لەپشتەوەیە بەمەبەستی لەبەریەکهەڵوەشانی جیهانی ئیسلامی، ئێستا باشوور جیادەکەنەوە سبەی دارفۆر، رۆژئاوا جیابوونەوە و دابەشکردنی وڵاتانی دەوێت، ئەمەش ئەو مەترسیەیە کە نابێت جیابوونەوە لە هیچ وڵاتێکدا قبووڵ بکەین)).

**یوسف قەرەزاوی**



پێدەچێت ساڵی ٢٠١١ ساڵێکی پڕخێر و بەرەکەت بێت بۆ ئەو گەلانەی کە تائێستا بێ دەوڵەتن و دەیانەوێت بڕیاری چارەنووس بدەن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێ و لەسەرەتای هەفتەی دووەمدا گەلی باشووری سودان بڕیاری چارەنووسی خۆیاندەدەن، ئەم بڕیارە کە هەڵبژاردنە لەنێوان جیابوونەوەی باشوور و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و هەڵبژاردنی مانەوە لەناو سوداندا بە یەکپارچەیی، بەڵام هەر لە ئێستاوە هەموو جیهان بانگەشە بۆ ئەوەدەکەن لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١١ دەوڵەتێکی تازە لەدایك دەبێت، ئەم مەزندەیە بەوەی باشوورییەکان دەنگ بەسەربەخۆیی دەدەن، هەروا لە خۆڕا نەهاتووەو نیشانەی ئەوەیە کە هیچ هاووڵاتییەکی غەیرە عەرەبی لە سوداندا نایەوێت وەك هاووڵاتی پلە دوو حسابی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئێستا ئەو دەنگە شۆڤێنیانەی دژایەتی ریفراندۆمەکە دەکەن شین بۆ یەکپارچەیی سودان دەکەن، دەبێت بزانن کە یەکپارچەیی سودان یان هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی و غەیرە عەرەبی بە دروشمی باق و بریق ناپارێزرێت و ئەگەر نیشتمانەکانی خۆیان خۆش دەوێت دەبێت بڕوایان بەوە بێت کە دەبێت ئیعتراف بەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانە بکەن کە لە جوگرافیای ئەو وڵاتە لەگەڵیاندا دەژین، بەڵام کاتێك هەموو جیهان شاهیدی مەرگەسات و جینۆسایدی گەلی دارفۆر و گەلی باشووری سودان بێت و سەرۆکی وڵاتەکە وەك یەکێك لە تاوانبارانی جەنگ بانگهێشتی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ کرابێت و ئامادە نەبێت بچێتە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی، ئەوە مانای ئەوەیە ئەوا خۆیان وڵاتی خۆیان خۆش ناوێت و خۆیان وڵاتی خۆیان پارچە پارچە دەکەن، بەپێی رێککەوتنی ئاشتی نێوان بەرەی رزگاریخوازی باشوور و حکومەتی خەرتووم لە نایرۆبی، باشوورییەکان لەگەڵ ئەوەدابوون کە وەك بەشێك لەسودان بمێننەوە، بەڵام ئەو مافەشیان لە رێککەوتنەکە تۆمار کردووە کە گەلی باشووری سودان مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە، خۆ ئەگەر حکومەتی سودان دوای ئەوەی رێککەوتنی ئاشتی مۆرکرد سودانی لەسەر یەکسانی هاووڵاتیبوون و لەسەر بنەمای فیدراڵی و دیموکراتی بونیاد بنایەوە، ئەوا ئێستا جیهان چاوەڕێی ئاکامی دەنگدانەکەی دەکردو پێشوەختە پیرۆزبازیی لەدەوڵەتی باشووری سودان نەدەکرد.

### دەوڵەتی باشووری سودان پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل گرێدەدات

ئێستا باڵیۆزخانەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەشێکی زۆری پایتەختەکانی دەوڵەتانی عەرەبی هەیە، ئەمە بۆ رای گشتی عەرەبی کارێکی ئاساییە و هیچ رەخنەیەکی لەسەر



عەلی عەلی دینار بۆ گوڵان:

# دوای سەربەخۆیی باشووری سودان لە وڵاتانی دیکەش داخوازی بەرزدەکرێتەوە بۆ سەربەخۆیی

نییە، بەڵام لە ئێستاوە و کە هێشتا دەوڵەتی باشووری سودان دانەمەزراوە پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە بەوەی گوایە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی باشووری سودان ئەو دەوڵەتە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل گرێدەدا، لەمەش سەیر و عەنتیکەتر ئەوەیە یوسف قەرەزاوی کە خۆی بەسەرۆکی زانایانی ئیسلامی دەزانێت، فەتوای حەرامکردنی دەنگدانی بۆ موسڵمانەکانی باشووری سودان دەرکردووە و وەك رۆژنامەی دەستووری ئەردەنی لە ژمارەی رۆژی ٢٠١٠/١٢/٣٠ چەند برگەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە قەرەزاوی بەمجۆرە سەبارەت بە مافی گەلێکی چەوساوەی وەك گەلی باشووری سودان فەتوا دەدات و دەڵێت: (داوا لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەم کیانێکی گەورەتر لە کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی پێکبهێنن لەبەر ئەوەی ئەو کیانەی ئێستا وەك پێویست رۆڵی خۆی ناگێڕێت. جیابوونەوەی سودان دەستی هەندێك دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەمریکای لەپشتەوەیە بەمەبەستی لەبەریەکهەڵوەشانی جیهانی ئیسلامی، ئێستا باشوور جیادەکەنەوە سبەی دارفۆر، رۆژئاوا جیابوونەوە و دابەشکردنی وڵاتانی دەوێت، ئەمەش ئەو مەترسییە کە نابێت جیابوونەوە لە هیچ وڵاتێکدا قبووڵ بکەین)).

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەوروژێت، تەنیا رووبەڕووی گەلی باشووری سودان نابێتەوە، بەڵکو رووبەڕووی سەرجەم ئەو نەتەوانە دەبینەوە کە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکەن، هەربۆیە پەیامەکەی قەرەزاویش کە وەك سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام لە جیهاندا دەریدەبڕێت، ئاراستەی هەموو نەتەوە چەوساوە و بێ دەوڵەتەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات، بەڵام ئەوەی لەهەمووشتێك زیاتر وەك سەیر و سەمەرە لە گوتەکانی قەرەزاوی خۆی پیشاندەدات و چاودێری سیاسیی پێکەنینی پێی دێت ئەوەیە، قەرەزاوی کاتێك بانگەشەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات بۆ ئەوەی کیانێکی گەورەتر لە کیانی کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دروست بکەن، ئاماژە بەیەکێتی ئەورووپا دەکات، بەمەش واتە دەیەوێت پێمان بڵێت بۆچی ئەورووپییەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە و خۆیان لە فیدراسیۆنی ئەورووپا دەبیننەوە، بۆچی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان ئێوە خۆتان لەنێو دەوڵەتانی عەرەبییدا نابیننەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا خۆگێلکردن و شێواندنی راستییەکانە کە لەسەر زاری کەسێکی وەك قەرەزاوییەوە فەتوای لەسەر دەدرێت، پیشاندانی رایەکی هێندە شۆڤێنیانەیە کە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام یەکناگرێتەوە و بەدەق دژی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:

((**یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر و أنثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم**)) لێرەدا ئەو

پرسیارە لە قەرەزاوی شۆڤێنی دەکەین و لێی دەپرسین، ئایا تەعاروف چۆن دروست دەبێت ئەگەر پێشتر ئیعتراف بە جیاوازی گەل و نەتەوەکان نەکرێت، پێی دەڵێین ئایا تۆ کاتێك ئامادە نەبیت ئیعتراف بە نەتەوە چەوساوە و بێ دەوڵەتەکان بکەیت و لەمافی بڕیاردانی چارەنووسی بێ بەشیان بکەیت، ئایا تەعاروف و پێکەوە ژیان چ مانایەکی دەبێت، بۆیە قسەکانی قەرەزاوی پێش ئەوەی دژی ئیرادەی نەتەوە و گەلە چەوساوەکانی نێو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بێت، دژی دەقی قورئانی پیرۆزە، لەبەر ئەوەی ئامادەنییە ئیعتراف بەو گەل و نەتەوانە بکات، نایەوێت بە هاوسەنگی و یەکسانی تەعاروفیان لەگەڵدا بکات، کە دەقی ئایاتەکە داوای یەکسانی دەکات (**إن أکرمکم عند الله أتقاکم**)، پرسیاری دیکە لە قەرەزاوی ئەوەیە تۆ کاتێك باسی یەکێتی و ئیتحادی نێوان نەتەوە و گەلانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەیت، ئایا نەتەوەکانی ئەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیانەت هۆشیار کردۆتەوە کە حکومڕانی ئەوان دژی مرۆڤایەتی و دژی بنەماکانی قورئانی پیرۆزە کەدەفەرموێت: ((**إنَّ الله یأمُر بالعدل والإحسان وإیتاءِ ذی القربی وینهی عن الفحشاءِ والمُنکر والبغی یعظکُم لعلکُم تذکرُونَ**))، ئایا لەهەموو پەیامەکەی قەرەزاویدا تەنیا بە وشەیەك باسی ناعەدلی و نائیحسانی ڕژێمەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کردووە و داوای لێکردووە نا عەدلی و نائیحسانی یاخیبوونە لەفەرمانی پەروەدگار، بۆیە زۆر گرنگە کە فێڵ و تەڵەکەبازی ئەو بەناو زانا ئیسلامیە تێبگەین، کە بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لەبەردەم خواستەکانی گەلان و نەتەوە چەوساوەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی رادەوەستێت، ئەو قسانەی قەرەزاوی نەك هەر فەتوا نییە بۆ یەکڕیزی موسڵمان، بەڵکو دروستکردنی فیتنەیە لەناو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیداو وەك پەروەردگاریش دەفەرموێت فیتنە لە پیاوکوشتن خراپترە(**والفتنة أشدُ من القتل**)، ئەمە بانگەشەکردنە بۆ ئەو فیتنەیەی کە لەدوای ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمەکەی باشووری سودان، ئەگەر خوانەخواستە موسڵمانان بەقسەی نازانایەکی وەك قەرزاوی بکەن دروست دەبێت.

**میسر و کۆمکاری عەرەبی و تەنانەت حکومەتی سودانیش ئامادەن پێشوازی لەدەوڵەتە تازەکەی باشووری سودان بکەن**

لێدوانەکەی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان وەك ئەوەی BBC بلاوبکردۆتەوە(ئەگەر دەنگیان بۆ یەکێتی و مانەوە لەگەڵ سوداندا، پێشوازی لێدەکەین و ئەگەر دەنگیشیان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەدا، هەر پێشوازی لێدەکەین و یەکەم کەس



**مەی تەیب ئەحمەد بۆ گوڵان:**

**ئەمە ئەو ساتەیە کە سودان وەك گەورەترین دەوڵەتی ئەفریقیا دابەش دەکرێت**

دەبم پیرۆزبایان لێدەکەم). وەرچەخانێکی گەورەیە لەبیرکردنەوەی دەوڵەتی عەرەبی، ئەگەر تەنانەت ئەم لێدوانە مەرامێکی سیاسیی وەك بەرتیلی سیاسیش بێت، بەوەی گەماڕۆکانی سەر سودان هەڵبگیرێن یان دۆسێی بەشیر لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ دابخرێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، دروستبوونی دەوڵەتی باشووری سودان دەبێتە دەسپێکی سەردەمێکی نوێ نەك هەر لە سوداندا، بەڵکو دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ ئەوەی سبەینێ شانشینی مەغریبی عەرەبیش هەنگاوێکی هاوشێوە بەرامبەر پۆلیساریۆ وەربگرێت و جەزائیر بەفەرمی ئەمازیغیەکان بناسێنێت و میسر بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ قیبتیەکان بکات و لوبنان مافی هاوولاتیبوونی سیاسی بەکوردەکانی خۆی ببەخشێت و سووریا مافی هاوولاتیبوون بە کورد بسەلمێنێت و چیدیکە عێراقییەکانیش لە بانگەشەی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس نەترسن، هەروەها ئەم هەنگاوەی سودان کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی ئەفریقیا و دەوڵەتانی ئیسلامیش دەبێت، بەتایبەتی ئێران و تورکیا بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە کێشەی نەتەوە غەیرە فارس و غەیرە تورکەکانی وڵاتی خۆیان بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، ئێستا لە دەسپێکەوە هەست دەکەین قسەکانی عومەر حەسەن بەشیر ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمکاری عەرەبی هەبووە، بەتایبەتی کە هەفتەی رابردوو عەمرو موسای سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی سەردانی جۆبای پایتەختی باشووری سودانی کرد و لەگەڵ سلفاکیر میاردیت سەرۆکی حکومەتی باشوور و جێگری سەرۆك کۆماری سودان کۆبۆوە و پاشان راشکاوانە رایگەیاند: (چەندین پرۆژەی وەبەرهێنانی گرنگ لەنێوان باشووری سودان و دەوڵەتانی عەرەبی جێبەجێ دەکرێت، رۆڵی کۆمکاری عەرەبی لە باشوور بەردەوام دەبێت و ئاکامی ریفراندۆمەکەش هەرچیەك بێت کاریگەری لەسەر پابەندبوونی کۆمکاری عەرەبی بۆ پشتگیری باشووری سودان نابێت). هەروەها ئەم لێدوانەی بەشیر کە دوای کۆبوونەوەکەی بوو لەگەڵ هەریەك لە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر و موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا، مانای ئەوەیە کە میسر و لیبیاش وەك ئەمری واقیع جیابوونەوەی باشووری سودان قبوڵ دەکەن، وەك باڵیۆز محەمەد مرسی لە وەزارەتی دەرەوەی میسر بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندووە، میسر هەموو سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان بۆ ئاکامی ریفراندۆمەکەی باشووری سودان دیراسەت دەکات، بەڵام ئاکامی ریفراندۆمەکە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆشی لێبکەوێتەوە، ئەوا میسر سوور دەبێت لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی باشووری سوداندا.

**ئەگەر سودان عەلمانی و دیموکراتی بوایە جیابوونەوە ڕوونەدەدا**

نەتەوەکان بۆیە یەکێك لە هەڵبژاردنەکانیان



لەکاتی پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە، لەبەر ئەوەیە هیچ ئومێدێك بەو رژێم و سیستمانە نەماوە کە بتوانن وەك نەتەوە بە ئازادی لە چوارچێوەیدا بمێننەوە، هەر بۆنموونە فەرەنسی زمانەکانی هەرێمی کوبیك لە کەنەدا لەگەڵ ئەوەی شارل دیگۆل وەك باوکی فەرەنسییەکان و فەرەنسی زمانەکانیش سەیر دەکرا، پەیامی بۆ ئازادی و جیابوونەوە ئاراستەکردن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی فەرەنسی زمانەکانی کیوبك مانەوەیە لەگەڵ دەوڵەتی کەنەدا، هەتا ئێستا چەندین ریفراندۆمیش ئەنجامدراوە، بەڵام دەنگدان بۆ مانەوە زیاترە لە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، سەبارەت بەم پرسە و بۆ قسەکردن لەسەر پەنابردن بۆ سەربەخۆیی، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر عەلی عەلی دینار بەنەژاد دارفۆری و ئوستادی دیراساتی سودان و ئەفریقیا لەزانکۆی پەنسلڤانیا کرد و لە وەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((بڕیاردانی هەر گرووپێك لەسەر جیابوونەوە یان پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەی، پەیوەستە بە شێوازەکانی مامەڵەکردن و رەفتارەکان لە بەرامبەری ئەو گرووپە خەڵکە، هەروەها وەڵامدانەوەی حکومەتی ناوەندی لەبەرامبەر خەم و ئازارەکانی ئەو گرووپە خەڵکە پەیوەستە بە ئاستەکانی ئامادەیی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر دەستنیشانکردنی چارەنووسی ئەو گرووپە خەڵکە. بەڵام ئەگەر هات و وەڵامدانەوەی حکومەت بەپێی پێویست نەبوو، ئەوکات ئەو گرووپە خەڵکە ناچار دەبن پەنا بەرن بۆ رێگەچارەی دیکە لەپێناوی وەدەستهێنانی مافەکانیان، هەر بۆیە، لەوانەیە ئەو رێگەچارانە بریتی بێت لە دیاردەکانی توندوتیژی هەروەها لەوانەشە رێگەچارەی ئاشتییانە بێت. بەڵام کێشەکە پەیوەستە بە رۆڵی حکومەتی ناوەندی و ئەرکەکانی سەر شانی بەرامبەر بە هاووڵاتییەکانی. پێموایە کە پێشهاتەکانی سودان و ریفراندۆمەکە و پاش دەرچوونی ئەنجامەکان، کە هەموو لایەنێك پێشبینیی جیابوونەوەی بۆ باشووری سودان دەکات، بەڕای من ئەمە شکستخواردنە نەك سەرکەوتن بۆ سودان، لەبەرئەوەی پێوەندییەکی مێژوویی لەنێوانی باکوور و باشووری (سودان)دا هەیە، کە پێوەندییەکی قووڵ و بەهێزە، هەروەها هەر لە سەرەتای سەربەخۆییەوە و تاکو ئەمڕۆش هێشتا دەرفەتی زۆر ماوە لە پێش حکومەتی






سودانی بۆ ئەوەی گوێ لە داخوازیی هاووڵاتییەکانی باشووری سودان بگرێت و جگە لەوەی کە پێویستە دان بەو راستییە بنێت کە ناهاوسەنگی لەنێوانی باکوور و باشوور-دا هەیە لە رووەکانی ئابووری و سیاسی و کاربکات بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ئەو بوارانە، بەڵام بەداخەوە هیچ کام لەم خاڵانە روویننەداوە. هەر بۆیە هاووڵاتیان بەردەوام بوون لە داخوازییەکانیان بۆ جیابوونەوە، ئەوەش مافی خۆیانە، ئەم شتەش مایەی رووداننە لەهەر وڵاتێکی دیکە تەنانەت لە وڵاتانی عەرەبی یان وڵاتانی ئەفریقیا. ئەگەر هات و هەر نەتەوەیەك چەوسابۆوە و داخوازیی هەبوو و هاوکات حکومەتی ناوەندی وەڵامدانەوەی پێویستی نەبوو بۆ داخوازییەکان و هاووڵاتیانی فەرامۆشکرد، ئەوکات هەمان ئەو بارودۆخەی باشووری سودان بۆ جودابوونەوە لە وڵاتانی دیکەش سەرهەڵدەدات و داخوازی بەرزدەکرێتەوە بۆ جیابوونەوە. پێویستە لەسەر حکومەت هەمیشە گوێ لە هاووڵاتیان بگرێت، هاووڵاتیان مافیان هەیە داخوازی پێشکەش بکەن و ئەرکیان لەسەر سەرکردەکان هەیە بۆئەوەی کات تەرخان بکەن و گوێ لە داخوازییەکانی هاووڵاتیان بگرن. خۆی لەخۆیدا حکومەت لە خەڵکە و بۆ خەڵکە. بەڵام ئەگەر بێت و بەم شێوەیە بەڕێوەنەچێت، ئەو کات ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، لەوانەشە ئەم ئاکامانە لە پلە و ئاست جیاوازبێت، بەڵام لەکۆتاییدا هیچ کامیان کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی بۆ وڵاتەکەدا نابێت)).

سەبارەت بەرۆڵی میسر و مامەڵەی داهاتووی لەگەڵ ئەم دەوڵەتە تازەیە د.عەلی دینار بە گوڵانی راگەیاند: ((«میسر» بەرژەوەندیی خۆی هەیە و ئەوە راستییەکی ئاشکرایە و هەمووومان دەیزانین کە بەرژەوەندیی (میسر) پەیوەستە بە ئاوی رووباری (نیل)، رووباری (نیل) یش لە باشووری (سودان)ەوە بۆ (میسر) دەڕوا، هەروەها بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە لە سەرەتای جەنگەکەوە لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٩٠کاندا (میسر) کاری وەبەرهێنانی هەبوو لە بەنداوێك و کەناڵێکی زۆر گەورە لە باشووری سودان کە پێی دەوترێت «جۆنگۆلێتاناو». بەو شێوەیە، بڕە ئاوێکی یەکجار زۆر بۆ ناو کەناڵە سەرەکییەکەی رووباری (نیل) دەچوو و ئەو کەناڵەش ئاوی زیاتری بۆ (میسر) رەوانەدەکرد. هەر بۆیە، میسر خاوەن بەرژەوەندییەکی زۆرە لە ئاوی



(نیل) و تاکو زیان بە بەرژەوەندییەکانی نەکەوێت ئەوە هەرگیز بەلایەوە گرنگ نییە چی بەسەر سودان بێت، گەر دابەش بێت یان نا، تەنانەت بایەخ نادات گەر سودان دابەشبێتە سەر ٢ یان ٣ تەنانەت بۆ ٤ پارچەی سەربەخۆش، گرنگترین شت بەلای (میسر)ەوە ئەوەیە کە ئاوەکەی بۆ بڕوات بەبێ کێشە و بەبێ ئاستەنگ)).

هەر سەبارەت بەم پرسە و پەیوەست بە ڕێککەوتنامەی ئاشتی نێوان باکوور و باشوور و پەنابردنی باشوور بۆ ریفراندۆم، د.مەی تەیب ئەحمەد ئوستادی سیاسەت و پسپۆڕ و تایبەتمەند لە دەوڵەتانی حەوزی نیل سەبارەت بە جیابوونەوەی باشووری سودان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (پێموایە کە کرۆکی کێشەکە پەیوەستە بە شێوازی دروستکردنی «ڕێککەوتنی ئاشتیی گشتگیر - CPA». زۆربەی زۆرینەی هاووڵاتییەکانی سودان لە (CPA)دا بەشدارییان نەکردووە. ئەم ڕێککەوتنە ئەنجامی دوو گرووپی دوژمن بوو GoS و SPLA\M. بەبێ بەشداربوونی زۆرینەی هاووڵاتیانی سودان وەکو پارتە سیاسییەکان و گەلی سودان کە بەهۆی جەنگەکەوە دوچاری زەرەر و زیان بوونە. بەهەرحاڵ، زۆرینەی گەلی سودان (باکوور و باشوور)، ناچاربوون ڕەزامەندبن لەسەر (CPA)، بەو هیوایەی کە (CPA) گۆڕانکاری دروست بکات و ئاشتی و سەقامگیری بسەپێنێت. بابەتێکم نووسییە لەژێر ناونیشانی «ڕێککەوتنی ئاشتی ئاشتییەکی سەقامگیر لە سودان گرەنتی ناکات» و بەم زووانە لەگەڵ ژمارەیەك نووسەر لە کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە. لەم نووسینەمدا مشتومڕم کردووە لەبارەی ئەوەی کە ڕێککەوتنی ئاشتی گرەنتی نییە بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی، ئەویش لەرێگەی شیکردنەوەم بۆ هەموو ڕێککەوتنەکانی ئاشتی لە سودان هەر لەساڵی ١٩٧٢ەوە تاکو ئەمڕۆ. وەڵامەکەش ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ئاشتی مانای وەستانی پێکدادان و توندوتیژی ناگەیەنێت، بەڵکو بە واتای کارکردن لەپێناوی نەهێشتنی ژێرخانی توندوتیژی و گۆڕینی توندوتیژی بۆ ژینگەیەکی هاوبەش و پۆزەتیف لەرێگەی پیادەکردنی دیموکراسییەت و متمانەیی و پێشکەوتن و بونیادنان. نەك تەنیا لەرێگەی دابەشکردنی سامانەکان و دەسەڵاتەکان کە لە (CPA) دا ئاماژەی پێدراوە، تەنانەت دابەشکردنی سامانەکانی وڵات و دەسەڵاتەکان بۆ گەلی سودانی نەبوو، بەڵکو بۆ ٢ گرووپی واژۆکەری ڕێککەوتننامەکە بوو (SPLAM\GoS). هەردووك لە گرووپەکانی (CPA) شکستیان بەدەست هێنا لە بیرکردنەوە لەبارەی تەواوی سودان و دروستکردنی متمانەیی لەنێوانی خۆیاندا.



نێلسن کاسفیر بۆ گوڵان:

## باشووری سودان چەندین جەنگی درێژخایەتی بەخۆوە بینووە و دانیشتووانی باکوور باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە باشوور دەنگ بۆ جیابوونەوە دەدەن

لەمیانی سەردەمەکانی پێکدادانەکاندا، خەڵکی لۆکاڵ لە باکوور و باشوور یەکتریان دەناسی. بۆ نموونە ئێمە نەوەی لەدایکبووی ساڵانی ١٩٧٠کانین و هەرگیز کێشەی ئەوەمان نەبوو کە دانیشتووی باکووریین یان باشوور، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان لە هەمان قوتابخانە و زانکۆ دەمانخوێند و لە هەمان شوێندا کارمان دەکرد، تەنانەت هەموومان پێکەوە لەهەمان بۆنە و ئاهەنگەکان بەشداریمان دەکرد. هەرگیز ئەو هەستەم لا دروست نەبوو کە برا و خوشکانم لە باشوور هاووڵاتی سودانی نین، هەمووشمان هەر وەڵامی هەمان پرسیار دەدەینەوە «ئێمە سودانین».

من لەو بڕوایەدام کە پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوەی ریفراندۆم بەشێکە لە (CPA)، ئەگەر هات و باشوور جیابوونەوەی هەڵبژارد، ئەوکات باکووری سودان بڕیارەکەی باشوور قبووڵ دەکات. بەڵام تەنانەت جیابوونەوەش تەنیا بە یەك شەودا جێبەجێ ناکرێت، پرۆسەکە بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو و بە ئاشتییانە و لەماوەی ٤ ساڵدا جێبەجێ دەکرێت. ژمارەیەکی زۆر لە ئاستەنگ ڕووبەڕووی هەردوو لایەن دەبێتەوە لە سودان و لەڕاستیدا ئەوە ساتێکی زۆر سەخت دەبێت بۆ «سودان»ی گەورەترین وڵات لە ئەفریقیا بۆ ئەوەی دابەش بێت. لە مێژووی سودان-دا دەبینین کە لە سەردەمەکانی داگیرکردنی بەریتانیادا و هەر لەهەمان وڵاتی سودان، سیاسەتی جیاواز جێبەجێ دەکرا وەکو ناوچە داخراوەکان و چەندین جۆری هەڵسوکەوتی جیاواز پیادە دەکرا، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئامادەکاری هەبوو بۆ دابەشکردنی سودان بەسەر چەند بەشێك لە داهاتوودا. بەداخەوە، نە سەرکردە پێشەنگەکانی سودان و نە ڕۆشنبیرەکان یان سیاسەتوانەکانی سودان فێرنەبوون لە کاریگەرییەکانی دابەشکردنی وڵات و داگیرکردن. حکومەتی ناوەندی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی گرووپێکی دیاریکراو و بێئاگان لەو بارەیەی کە وڵاتی سودان چەند فراوانە و لەبارەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵگە لۆکاڵە جیاوازەکانی لە شوێنە جیاوازەکان و نازانن گوزەرانی ژیانیان چەند ئاستەنزم و دواکەوتووە. بەش بەحاڵی خۆم، لە هەموو پارچەکانی سودان گەڕاوم و بینیم چۆن هاووڵاتیان دەناڵێنن بەهۆی نایەکسانی لە پەرەپێدانی ئابووری و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و خزمەتگوزارییەکان. ناتوانم بڵێم کە ئەمە تەنیا کێشەی باشوورە، بەڵکو کێشەی ڕووباری نیل و چیاکانی نوبا و دارفۆر و سودانی ڕۆژهەڵاتە، دواکەوتن لە سەرجەم پارچەکانی سودان-دا بوونی هەیە، نەك تەنیا لە چەند

شوێنێکی دیاریکراو کە بەهۆی پێکدادان زیانیان پێکەوتووە، کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە هەرگیز هەموو پارچەکانی سودان نابینین، هەر یەکێك پارچەیەکی سودان دەبینێت و وادەزانێت ئیتر ئەمە هەموو وڵاتی «سودان»ە. وەکو دەرئەنجامێك، هاووڵاتیانی سودانی زۆر پێویستییان بەوە هەیە کە هەڵستن بە تاوتوێکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی کراوە و ناسنامەکەمان وەك ناسنامەی «سودانی» تێبگەن، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوکات دابەش دەبین و پاشان پاشگەزدەبینەوە لەوەی کە بە قووڵی پێداچوونەوەی مێژووەکەمان نەکردبوو پێش هاتنی «یەهوودییەت» و «مەسیحییەت» و «ئیسلام» بۆ سودان)).

**سەربەخۆیی وەك خواستێکی نەتەوەیی**

سەربەخۆیی یان بڕیاردانی مافی چارەنووس، خۆزگە و ئاواتی هەر گەل و نەتەوەیەکە، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر نڵسن کاسفێر ئوستادی ئابووری سیاسیی و حوکمڕانی لە زانکۆی یەڵ (Yale) و تایبەتمەند لە دیراساتی سودان و ئەفریقیا بەمجۆرە باسی دیاردەی سەربەخۆیی گەلانی بۆ گوڵان کرد و وتی: (خەڵك خاوەن چەندین ناسنامەن و ئیتنی یەکێکە لە ناسنامەکان، کە زۆرجار وێڕای جیاوازییەکان لە ناسنامە ئیتنییەکان دەبێتە هۆی خۆگونجاندن لەگەڵ کەسانی بەرامبەر. هەندێکجار ناسنامەی ئیتنی دەبێت بە گرنگترین توخم، ئەویش لەبەرئەوەی یاسای وڵات جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەپێی ناسنامەی ئیتنی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییەکان دەکات. هەروەها هەندێك جار و لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا سازش دەکرێت لەبارەی کۆمەڵە هاووڵاتییەکی ئیتنی پلە دوو، پاشان تاوتوێدەکرێت لەبارەی کە ئایا ئەو گرووپە ئیتنییە ببن بە خاوەنی هەرێمێکی جوودا یان نە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەرێك هەیە سازشبوون هەبێت و لەوانەیە سەرکەوتوو بێت، لەبارەی یەکلاکردنەوەی پرسەکان و ئەگەرەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی حوکمڕانی لەلایەن خۆیانەوە بەشێوەیەکی جودا و سەربەخۆ. لەم چوارچێوەیەدا و وێڕای پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە سودان، بەڵام من لەو بڕوایەدانیم کە سودان خاوەن ڕژێمێکی دیموکراسییە، بەڵکو لەڕێگەی هێزی بیانییەوە و بە زۆرەملێ سودان ناچارکراوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم. بەو شێوەیە، ڕێککەوتن ئەنجامدرا لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەیەکی دیموکراسی لەکاتێکدا کە تەنانەت ڕژێمەکەش ڕژێمێکی دیموکراسی نییە. باشووری سودان چەندین جەنگی درێژخایەنی بەخۆوە بینووە و کە ئەوانی گەیاندە ئەمڕۆیان. لەلایەنێکی دیکەشەوە، دانیشتووانی باکوور باش لەو ڕاستییە دەزانن کە باشوور دەنگ بۆ جیابوونەوە



**ریکارۆد لیرمۆنت بۆ گوڵان:**

## ئەگەر حکومەتی خەرتووم لەو ڕاستییە تێبگەیشتایە کە چەمکی حکومڕانی پێویستی بە هاوبەشیکردنی دەسەڵاتە، نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژەی دابەشبکرێت

دەدەن، هەروەها باوەڕناکەم ئەم جیابوونەوەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت. پێموایە کە ئەو کات باکووری (سودان) زیاتر لە (میسر)ەوە نزیك دەبێت، لەوانەیە ئەو شتەش پێگەی میسر لە ئێستای بەهێزتر دەکات. (میسر)یش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن دۆست و دوژمنە، هەر بۆیە لەو بڕوایەدانیم بتوانێت کێشەکان چارەسەربکات. لەلایەنێکی دیکەوە، پێموایە کە کێشەی ئیتنی لە باکووری (سودان) پاش ریفراندۆمەکە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت. ئەگەر هات و ریفراندۆمەکە سەرکەوتوو بوو، ئەو کات کێشەیەکی زۆر گەورە سەرهەڵدەدات لەبارەی چارەنووسی یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتیی باشوور کە لە باکووردا جێنشینن، بەهیچ شێوەیەك دیار نییە کە ئایا ئەو هاووڵاتییانە دەردەکرێن لە شوێنەکانیان یان نە. بەو شێوەیە، پێموایە کە سودان بۆ دواتریش کێشەی ئیتنیی هەر دەمێنێت، هەر بۆیە هەرگیز باوەڕناکەم لەتوانایدا هەبێت کێشەی ئیتنی یان هەر کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەربکات)).

هەر سەبارەت بە پرسی دروستبوونی دەوڵەتێکی تازە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ریکاردۆ لیرمۆنت ئوستادی سیاسەتی بەراودکاری و سیاسەتی ئیسلامی لەزانکۆی بینگامتۆن (Binghamton) بەمجۆرە ئەم پرسەی بۆ گوڵان شرۆڤە کردو وتی: (بەڕای من بونیادنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنی بیرۆکەیەکی سەدەی ١٩دییەمە. مەبەستم، ئەمڕۆ ئێمە لە سەرەتای سەدەی ٢١ین و خەڵك بەردەوام جێگۆڕکێ دەکەن. هەربۆیە پێموایە ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر کۆنە کە لەسەر یەك گرووپی ئیتنی دەوڵەتێك درووستبکەین، سەبارەت بە باشووری سودانیش کێشەکە هەمووی پەیوەستە بە پترۆڵ. هەموو مەسەلەکە ئەوەندەیە کە لە باشوور نەوت هەیە و نەوتەکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دانیشتوانی باشوور و هاوکات دانیشتوانی باکوور لە هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لەو نەوتەی باشوور. هەموو کێشەکە تەنیا ئەوەندەیە و پێوەندیی بە هیچ شتێکی دیکەوە نییە، هەر بۆیە دەبینین هەوڵدەدەن ڕێگە لە پرۆسەی ریفراندۆمەکە بگرن، لەبەرئەوەی کێشەکە پەیوەستە بە سەرچاوە سرووشتییەکان. بەڕای من باشترین ڕێگە بۆ بەرەوپێشەوەچوون ئەوەبوو کە سودان یەکپارچەیی بپارێزێت، بەڵام پێویست بوو باکوور لەو ڕاستییە تێبگات کە چەمکی حوکمڕانی پێویستیی بە هاوبەشیکردنی دەسەڵاتەکانە لەگەڵ دانیشتووانی باشوور و دارفۆر، ئەمەشی نەکرد،بۆیە گەیشتینە ئەم ڕۆژە)).

# چەندسەرنجێكی بەرایی لەسەر پلانە نیشتمانییە پێنج ساڵییەكەی عیراق



كازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ماوەیەك پێش ئێستا وەزارەتی پلاندانان لە بەغدا پوختەی پلانێكی سەبارەت بە پەرەپێدانی نیشتمانی عێراقی بۆسالآنی ٢٠١٠ ـ ٢٠١٤ لە دوتوێی ٨٧ لاپەڕەدا لە ماڵپەڕەكانیدا بڵاوكردەوە، گەرچی ئەمە دەسپێشخەرییەكی باشە لەم بارودۆخە ئاڵۆزو پڕ فەوزا و سەختەی كە وەك پەتا هەموو وەزارەتەكانی تەنیوەتەوە، چونكە لە لایەكەوە بۆ كۆمەڵگەی عێراقی شرۆڤەكارییەكی تێروتەواوی ستراتیژیەتی پلانێكی پێنج ساڵەییە لەدوتوێی لیست و ئەوخشتە جۆربەجۆرانەی خۆیدا كە كراونەتە مەرج تا لەو ماوە دیاریكراوەی بۆ ئەنجامدانی بەرنامەكان دانراون وەدیبهێنرێن و جێبەجێ بكرێن، لە لایەكی تریشەوە دیاریكردنی بودجەی خەرجی و داهاتەكانی پلانە پێنج ساڵیەكەش بە وردی روونكراوەتەوە..

پرسیارێك لێرەدا دێتە ئاراوە، هەوڵ دەدەین وەڵامی بۆ بدۆزینەوەو لە دوو لایەنەوە وەڵام دەدرێتەوە:

خاڵ ولایەنی ئەرێنی ئەم پلانە چین،

خاڵ ولایەنە نەرێنییەكانی چین كە پێویستیان بە گۆڕانكاری بێت ؟؟

• دەرچوواندنی پلانی پێنج ساڵیی نیشتمانیی لە عێراقدا بۆ ئەم قۆناغە، لە ئاكامی ئەو هەموو پێداویستیە زۆرانەوە هاتووە كەلەلایەن كەسانێكی بێشوماری ئابووریزان و هێزەكانی دیموكراتی ناوەوەو دەرەوەی وڵات جێی بایەخن، بە تایبەت دوای دەرچوونی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ و هەروەها دوای پێكهێنان و دروست بوونی حكومەتی نوێ، چونكە هیچ كارێكی پەرەپێدان مەیسەر نابێت گەر پلانێكی ستراتیژی بوونی نەبێت، تەنانەت گەر لەسەر رێچكەی ئابووری بازاڕی ئازادیش بێت وەك چۆن لەناو پلانی ئێستای پەرەپێداندایە و ئەمەش هەنگاوێكە لەسەر رێی راست و بە ئاراستەی گشتی دەڕوات..

• ئەم پلانە بایەخێكی هەستپێكراوی هەیە بۆ پێنج مەسەلەی گەوهەریی كە ئابووریناسانی عیراق بە بەردەوامی لێی دەدوێن:

ا ـ باروگوزەرانی هەژارێتی لە ناو عیراقدا كە بەناو زۆربەی دانیشتوواندا بڵاوبۆتەوە.

ب ـ نەخشەدانانی جیۆگرافیانە بۆ هەموو ناوچەكانی عیراق، بە تایبەت ناوچە دواكەوتووەكان.

ج ـ مەترسییەكانی هەژموونی ئابووری نەوت و داهاتەكانی لەسەر ئابووری عیراق و بیركردنەوە لە گۆڕینی ئەو هەژموونە.

د ـ دیاردەی هێنانی شتومەك لەسەر حیسابی بەرهەمهێنانی خۆماڵی لە بوارەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵی لە عیراقدا كە بۆ خۆی هەڕەشەی جددیین لەبەردەم ئابووری و ئاسایشی وڵاتەكە بەهۆی كرانەوەی گشتی بێ بەرنامە بەڕووی دەرەوەدا..

هـ ـ چاوخشانەوە بە سیاسەتی ئابووری بۆ دڵنیا بوون لە پەرەپێدانی هەردوو كەرتی كشتوكاڵی و پیشەسازی لە پێناوی گۆڕینی بنەمای ئابووری و بنەماكانی داهاتی نەتەوەیی..

ئەمەش بەو واتایەی كە بەهیواشم بەو شێوەیەش نەبێت، وەزارەتی پلاندانان دركی بە دابڕان و نارێكی لە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە لە ئابووری عیراقیدا كردووە كە پێوەندی راستەوخۆی بە پرۆسەی ئابووری سەرمایەداریی جیهانیەوەیە بەهۆی بوونی نەوتەوە، سەرەنجام بووەتە هۆی نەمانی توانای تەراكومی سەرمایەداری پێویست بۆ ئابووری عیراقی و فراوان نەبوونی پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی بەرهەم و وەدینەهاتنی گۆڕانكاری لە ئابوورییەكی لاوازی دواكەوتووی داڕووخاوی بە پاشكۆبووی دەرەوە بۆ ئابوورییەكی نیشتمانی كە سەربەخۆیی رێژەیی هەبێت لەناو بارودۆخێكی پەرەسەندووی جیهانگیریدا.

٣ ـ لە پلانەكەدا خاڵێكی گرنگ بۆ جەخت كردنەوە لەسەرگۆڕینی بەرێوەبردنێكی ناوەندی ئابوورییانە بۆ بەڕێوەبردنێكی خۆجێی لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێم و پارێزگاكاندا تۆماركراوە، بەو مەرجەی ئەم پرۆسەیە ئۆرگانیزەكردنی نێوان بەشەكانی بزرنەكات، پرۆژەكانی ئەو جەمسەرو لایەنانە پێوەندی هەیە بە هاوكاری كرنیانەوەیە لەگەڵ یەكتردا. بێگومان ئەم پرۆژەیە بەربەست و زەحمەتی زۆری دێتە رێ چونكە پشت دەبەستێ بە یاساو پسپۆڕێتی و نەریتی كاركردن و بەرژەوەندی هاوبەش..

٤ ـ پلانەكە لە دیاریكردنی پێنج هەڕەشەی جددی سەركەوتوو بووە كە رووبەڕووی ئابووری عیراقی دەبێتەوە پاش ئەوەی ڕۆڵ و پێگەی نەوت روون دەكاتەوە، لە لایەكی دیكەشەوە ڕۆڵ و پێگەی كەرتی كشتوكاڵی و پیشەسازی لە ئابووری عیراقدا دەست نیشان دەكاتەوە:

ا ـ هەژارێتی بە گشتی لەناو خەڵكیدا وێرای دەوڵەمەندێتی وڵات، هەروەها بوونی بێكاری بەرفراوان گەرچی لە پلانەكەدا بە تەواوەتی باس لە بێكاری رووپۆشكراوی ڕازیكاری ناو وڵات نەكراوە.

ب ـ نایەكسانی و ناهاودەرفەتی لە پەرەپێداندا لە نێوان دەڤەرو پارێزگاكان و شارۆچكەكاندا

ج ـ كەلێن كەوتنەوە لە ئاستەكانی پەرەسەندن و خزمەتگوزاری لە نێوان گوندەكان و شارەكاندا

د ـ بوونی نارێكی زۆر لە نێوان بەكاربەر و تەراكومدا لە داهاتی نیشتمانیدا بۆ بەرژەوەندی بەكاربەران كە سامانی نیشتمانی لاواز دەكات و هاوبەشی دەكات لە هەژارتر بوونی كۆمەڵگەدا..

هـ ـ نارێكی لە دابەشكردنی داهاتی تایبەت بە بەكاربردن و سوودگەیاندنی بە هەندێ توێژی كۆمەڵایەتی و بێبەشبوونی توێژە چەوساوەو هەژارەكان لێی، بەواتای نارێكی لە دابەشكردنی داهاتی نەتەوەیی و خراپ بەكارهێنانی..

٥ ـ پلانەكە ئاماژەی داوە بە هاوبەشی كردن و هاریكاریكردن لە نێوان وەزارەتەكان لە لایەك و لایەنەكانی پێوەندار بە پلانەكە لە لایەكی ترەوە، ئەمەش كارێكی ئەرێنییە وێڕای پێویست

بوونی وەزاراتەکان لە بارودۆخی ئێستادا بە گرنگێتی ئەم شێوازەی هاریکاری.

٦ ـ پلانەکە بایەخێکی زۆری بە کەرتی تایبەت و بیانی داوە و کەرتی دەوڵەتیشی پشتگوێ نەخستووە لە کاتێکدا بڕوام وایە بۆ کەرتی حکومی پێویست وایە بایەخی پتری پێ بدرێت بۆ پێشکەوتنی ئابووری بە تایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا کە گرنگە دامەزرێن.

ئەمە لایەنە ئەرێنیەکانی پلانەکەیە لە بواری تیۆرییەوە، لە بارەی سلبیاتیشەوە زۆر شت هەن کە پلانەکەدا بەدەرکەوتون لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژەی پێ بدەین

١ــ نەبوونی ستراتیژیەتێکی تایبەت بە پەرەسەندنی نیشتمانی دوورمەودا وەك ئیماژەیەکی رێنمایی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانی کە بە هۆیەوە دەتوانرێت پلانی ساڵانە بۆ هەموو کەرتەکان دابنرێت، ئەمەش ئەو ئیشکالیەتەیە کە دکتۆر عەلی بابان لە دیمانە تەلەفزیۆنەکانیدا بەبەردەوامی ریسکی بۆ دەڕێسێت.

٢ ـ نەبوونی رێککەوتن و کامڵ نەبوونی ئابووری لە نێوان بەغدا و هەولێردا، یان لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا، یان لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و هاریکاری ناوەندی لە بەغداو وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مەرج نییەهاوکوف و هاوڕابن لە پلانەکەدا بەڵکو هەماهەنگی بکەن ئەمەش نابێتە بەربەست لەبەردەم سەربەخۆیی رێژەییانەی سیاسەتی ئابووریانەی هەرێم و گرنگتریشە هەماهەنگییەکە لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتی ئیتیحادی بێت

٣ ـ لە ناو دوو کۆبوونەوەی فراوانی نێوان بەغداو هەولێر گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر ئەم پلانە کراوە، دەبوایە بە درێژی دەستنووسی گفتوگۆکان لەسەر ئاستی فراوان بڵاوبکرابایەوە، سوودو قازانجی زۆری دەبوو بۆ هەمووان لەوانە هاوبەشی پێکردنی شارەزایان لەسەر گفتوگۆکانی پلانەکە لە زۆر لایەنی هەمەجۆرەوە چ لە ناوەوەی عێراق یان لە دەرەوەیدا، دواجار دەبووە پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و رۆشنبیربوونیان لەڕێی رۆژنامەگەرییەوە..

٤ ـ پلانەکە وەك دکتۆر فازڵ مەهدی ئاماژەی پێداوە گەشەسەندنی دانیشتووانی لە عیراقدا پشتگوێ خستووە، داخۆ چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت وچۆن بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە رێکدەخرێت، چونکە رێژەی گەشەسەندن ساڵانە لە عێراقدا ٣٪یە..

بەقەناعەتی من وەزارەتی پلاندانان و دەزگای ناوەندی ئامار، وێڕای ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووانیش هەر زانیاری تەواویان لەسەر ڕێژەی گەشەسەندنی ساڵانە هەیە، بۆیە هیچ ماقووڵ نییە پلانێکی ساڵانە بێ حیساب کردن بۆ دیمۆگرافیا و ئاستی خوێندن و پیشەیی هاووڵاتیان.. تاد بەرنامەکانی دابنرێت

چۆن دەکرێت لەژێر سایەی ئەم بێ بەرنامەییەدا پێداویستی و پێوەندییەکان دەست نیشان بکرێن و لەولاشەوە رێژەی دانیشتووان نەزانرێت بە تەواوی چەندن، پێویستە هەر سێ رەهەندەکەی پەرەپێدانی بەردەوام لەبەرچاو بگیرێن بەلایەنەکانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوەو، هەروەها بە زیادکردنی دوو رەهەندی گرنگی تریشەوە کە ئەوانیش رەهەندی دانیشتووانن وەك رەهەندی ستراتیژیەتی دوورمەودا بۆ پەرەپێدانی نیشتمانیی.

٥ ــ لە پلانەکەدا بایەخ بە گرنگێتی وەبەرهێنانی وزەی خۆر نەدراوە بۆ بەرهەم هاتنی وزەی کارەبا لە عێراقدا، لە ئەزموونەکانی وڵاتانی دەوروبەردا بەبەڵگەوە توانای ئەم وزەی خۆریان بۆ دەرکەوتووە لەبەکارهێنانیدا بۆ ناو ماڵان بە تایبەت لە وڵاتی تورکیا، گەرچی نەوت و غازیشمان هەبێت ئەمە وا ناگەیەنێت لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بێبەش بین..

٦ـ عێراق رووباری نییە لە ناو وڵاتی خۆیەوە هەڵقوڵێت بەڵکو سەرچاوە سەرەکیەکانی ئاوەکانی وەك دیجلەو فورات لە تورکیا و ئێرانەوە دێنە ناو خاکەکەیەوە، ئەم پشتبەستنە بەدراوسێکان بەردەوام گرفتی گەورەی ناوەتەوەو دەنێتەوە، بۆیە عیراق لەم ڕووەوە پێویستی بە تەکنیکی تازەیە چ بۆ کشتوکاڵ یان بۆ پیشەسازی یان بۆ بەکارهێنانی رۆژانەی هاووڵاتیان، عەمباری مەزنی پێویستە تا ئاوەکانی پێ گل بداتەوەو هەمووی نەڕژێتە ناو شەتولعەرەبەوە، توانای مادديشی دەوێت بۆ بەستنی گرێبەستی نێودەوڵەتی وا کە رێگە بە عێراق دەدات ساڵانە ئاوی مسۆگەری دەست بکەوێت، هاووڵاتیانیش لەخراپ بەکارهێنانی ئاو ئاگاداربکاتەوە..

٧ ـ هیوام وایە بە هەڵە لەو خاڵە تێگەیشتبم کە ئاماژەی داوە بە سپاردنی دامودەزگاکانی حکومەت و گۆڕینیان بە دامودەزگای کەرتی تایبەت، بەم میتۆدەوە عیراق ئاسوودە نابێت گەر سامانی وڵات بخاتە ژێر باڵی کەرتی بیانی و تایبەتەوە چونکە کارگەو کۆمپانیای بەرهەمهێنی گەورە تەنیا لە رێی دەوڵەتانەوە گەلانی لە دواکەوتوویی رزگارکردووە..

٨ـ پلانەکە خۆی بە دوورخستۆتەوە لە کەرتەکانی هەرەوەزی ناو ئابووری عێراق، وێرای تواناسازی و بوونی پێویستیەکانی ئەم کەرتە لە پاڵ کەرتەکانی تردا دەکرێت لە کشتوکاڵ و بواری خزمەتگوزاری گشتیدا ئەکتیف بێت بە تایبەت بواری کشتوکاڵی کە پێویستە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی لە پێناوی دامەزراندنی پرۆژەی مەزندا، دەشکرێت هەردوو بانقی کشتوکاڵی و پیشەسازی لەسەر بناغەی هاریکاری لە نێوان کەرتەکانی تایبەت و حکومی بەپێی چەند رێژەیەکی دیاریکراو وەبەرهێنانی هاوبەش ئەنجام بدەن

ئەویش بە پێدانی قەرزی گونجاو بە پرۆژەکان.

٩ـ پلانەکەی عیراق وێناکردنێکی تێدایە بۆ بەکارخستنی ٢٣٪ هێزی کار لەناو بێکاراندا، بە شێوەیەك ١٦٪ بێکاری تا ساڵی ٢٠١٤ ناهێڵێت، لێرەوە ئاماژە بەم خاڵانە دەدەین:

أ ـ بێکاریی لە عێراقدا لە ٢٣٪ زیاترە و تا سنووری ٣٠٪ هەڵدەکشێت جار هەبووە دەگاتە ٣٥٪ کەئەمەش رێژەی ئەو هێزە بزووێنەرەی کارە لە عێراقدا.

ب ـ بێکاری رازیکراو بە فراوانی لە سنووری ٥٠٪ ی پێکهێنەری هێزی کارە لە دامودەزگاکانی عێراقدا، ئەم دامودەزگایانە تووشی هەڵئاوسان وکورت هێنان لە بەرهەم و نابەرپرسیاری بوونەتەوە، پێویست بوو لە پلانەکەدا ئاماژەی پێ بدرایە تا رێژەی بێکاری رازیکار و بێکاری راستەقینە بزانرایە

ج ــ بیرکردنەوەی جیددی لە دابینکردنی هەلی کار بۆ ئافرەتان چونکە پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ گۆڕینی واقیعی ئافرەتان بەهۆی رۆڵیانەوە لە بەرهەمهێنانی خێروبێری مادی و خزمەتگوزاری و گرنگێتی پێگەیان لە کۆمەڵگەو کارگوزاری ئابووری ودەوڵەتدا بە گشتی..

١٠ـ پلانە نوێیەکە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئیدارەو ئەدائی نارێك و دواکوتوویی لە سەرجەم دامودەزگا حکومیەکاندا، بێ ئەوەی پەنجە بخاتە سەر موحاسەسەی هۆزگەرێتی سیاسی و لایەنگیرێتی لە ناو هۆزەکانی عێراق و رزگاربوون لەو حاڵەتەی کە چووەتە ناو دەمارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتەوە، بووەتە هۆی نادادپەروەری و بەهەدەرچوونی سامانی گشتی

زۆر خاڵی تر هەن ئاماژەیان پێ بدەم بەڵام بۆ پسپۆران و شارەزایانی جێدەهێڵین تا لە هەموو ڕوویەکەوە گفتوگۆی لەسەر ئەنجام بدەن...